# یەکبوون

UNITED KURDISTAN

**کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون**


ڕەزبەری ٢٧١٢ | یەکبوون ژمارە : ٣٠ | September : 2012






* گرنگی پەروەردە لە سەر مافی مرۆڤ لە پەرەپێدانی کۆمەڵگای مەدەنی....و: ئاوات محەممەد....لاپەرەی ٢
* کرۆنۆلۆژیی تیرۆری رستورانی میکۆنووس لە ئاڵمان .......ئامادە کردنی رەحمان نەقشی ... لاپەرەی. ٥
* بۆ کی رەوایە خودایی دەوڵەت بێت. کورد یا فەلەستینییەکان؟ .....وەرگێرانی : غازی حەسەن..لاپەرەی ٨
* عیسمەت شەریف وانلی... ژیانێکی پڕ لە سەروەری .......... عصمت شریف .... لاپەرەی ١٠
* چاوخشاندنێکی کورت بەسەر مێژووی خەباتی ژنانی رۆژهەڵات .......... مۆنا دڵبەری ......... لاپەرەی ١٢
* مەلای گەورە شاعیرێک لە ترۆپکی داهێنان و نوێگەریی دا ....... حەیدەر عەبدوڵڵا .... لاپەرەی ١٤
* کاریگەری تەلەفزیۆن لە سەر منداڵان .......... رەزا شوان ......... لاپەرەی ١٧
* دەسەڵاتدارترین ژنانی جیهان .......... ئا.کوردستان .......... لاپەرەی ١٩
* رۆژژمێری مانگی ڕەزبەری ٢٧١٢ی کوردی ...... ئامادە کردنی رەحمان نەقشی ......... لاپەرەی ٢٠



سەرچاوە
Serchawe

# گرنگی پەروەردە لەسەر مافی مرۆڤ لەپەرپێدانی کۆمەڵگای مەدەنی




محەمەد عەبدە الزغیر

و: ئاوات محەمەد

"هەقیقەتی کۆمەڵایەتی بەرێکەوت نەهاتووەتە بوون، بەڵکو وەک هەوڵی مرۆیی هاتووەتە بوون، هەروەها کردەی گۆڕانکاری بەرێکەوت نەبووە بەڵکو لەدەرئەنجامی هەوڵی مرۆڤەوە هاتووەتە بوون، ئەگەر مرۆڤ بەخۆی گۆڕانکاری دروستبکات لەهەقیقەتە کۆمەڵایەتیەکان، ئەوا ئەو هەقیقەتانە دەبنە پێویستیەکی کاری مێژوویی لەدروستکراوی مرۆڤ"

(باولۆ ڤرێری، فێرکردنی چەوساوەکان، ١٩٨٢، ل ٣٢)

## پێشەکی

ئەم بابەتە بۆ ئەمڕۆ لەوە دا گرنگە کەباس لەپەروەردەی مەدەنی دەکات لەپەرەپێدانی هاوڵاتیبوون و گۆڕانکاری دیموکراتی

لەم باسەدا ئەم سەردێڕانە باس دەکەین :

- ٭ مافی مرۆڤ
- ٭ پەروەردە لەسەر مافی مرۆڤ ... هاوڵاتی.
- ٭ تێڕامان لەپەروەردە لەسەر مافەکانی مرۆڤ
- ٭ ئاماژە بەهەندێک ئەزموونی ناوچەکە
- ٭ پێشنیارەکان

بەهۆی ئەو گرنگیەی پەروەردەی مافی مرۆڤ هەیەتی، وەک پێوەرێکی پەرەسەندنی دەوڵەتانو گەلان، ئەم کارە ئەوەندە بەس نییە کەوەزارەتو قەوارەی مافی مرۆڤی بۆ دروست بکەیت، بەڵکو پێویستە ئەم گرنگیدانە ببێتە کاری کۆمەڵگا، کەخاڵی گرنگیدان بریتیە لەزامنکردنی ئەم حاڵەتە لەبواری رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنییەوە، کەهەوڵی خوڵقاندنی کۆمەڵگایەکی دیموکراتی دەدات، کەتەنها ئەو دەتوانێت پەرەسەندنی بەردەوام مسۆگەر بکات.

### یەکەم: گرنگترین چەمکەکان

مافی مرۆڤ، نەتەوە یەکگرتووەکان "مافی مرۆڤ" واپێناسەدەکات کەئەو مافانە لەماکیدا چەسپیوە، کەبەبێ ئەوان ناتوانین وەک مرۆڤ بژین، کەئەم مافانە ئەوە بۆ رەگەزی مرۆیی دەستەبەر دەکەن کەژیانێکی پڕ لەرێزو پاراستنی کەرامەت و بەها خودیە مرۆییەکان بپارێزێت(١).
کەچەمکی مافی مرۆڤ دەلالەتە بۆ گوتاری فەلسەفی و سیاسی و کۆمەڵایەتی هاوچەرخ، لەسەر سستەمی تەواوی مافە سەرکیەکان و لقیەکان... کە ئەمەش ئەبێتە هۆی هەمەجۆریەت و بەرفراوانبوونی جوغزەکەی بەشێوەیەکی بەردەوام، ئەویش بەپێی بزاوتی پەرەسەندنی کۆمەڵگاو مێژوو، دەتوانین ئەم مافانە بۆ ئەم گروپانە دابەشبکەین:
٭ مافە مەدەنی و سیاسەکان: کە بە نەوە یەکەمیش ناودێر دەکرێت، ئەمەش مافێکە بەئاراستەی ئازدی تاکەکەسی ئاراستەکراوە، کەمافی ژیانو ئازادی و سەلامەتی کەسەیاتی و بەشداری سیاسی و ئازادی رادەربڕین و گوزارشتکردن و بیرکردنەوەو عەقیدە و ئازادی پێکهێنانی کۆمەڵاکان و پەیوەستبوون پێوەیانەوە لەخۆدەگرێت.
٭ مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریەکان (نەوەی دووەم)، بۆ بەدەستهێنانی ئاسایش و مافی کارکردن و خوێندن و تەندروستی و دەستەبەرکردنی ئاستێکە بژێوی قبوڵکراو و مافی خۆراک و چاودێری ... لەخۆ دەگرێت.
٭ مافەکانی ژینگە و گەشەپێدان (نەوەی سێهەم) مانای ئەوەیە مرۆڤ لەژینگەیەکی پاکدا بژی، کە پاراستنی لەکاولکاری بۆ فەراهەم بکرێت، هەروەها خاوەنی مافی بەشداریکردن بێت لەگەشەپێدانی گشتگیرو بەردەوام بۆ هەموو گەلان.(٢)

### ب- پەروەردە لەسەر مافی مرۆڤ:

بریتیە لەکۆی بەرنامەو چالاکیەکانی بۆ بە تواناکردنی کەسانی مەعنی لەخوێندن و مەعریفە و پێکەوەلکان و تێگەیشتندا ئامادەکراوە، هەروەها تێگەیشتن لەو بنەمایانەی پەیوەستە بەم

سەرچاوە
Serchawe

مافانەوە، ئەو پەروەردەیەیە کەرێگە بەتاکەکان دەدات لەئەدەبیاتی پەیوەست بەمافەوە، هەروەها زانینی کۆی ئامرازەکان، تابەدەستکەوتنی تواناکان دەگەن، کەوایان لێدەکات لە گەورەیی ئەو مافانەو چاککردنەوەی بگەن.

**لەتایبەتیەکانی ئەم پەروەردەیە بریتیە لە:**

※ پەروەردەی مرۆیی: کەبەرەو هۆشیاری مرۆڤ بەمافەکانیان هەنگاو دەنێن

※ پەروەردەی رۆشنگەری ئەقڵانیانە: گوتاری خۆی لەسەر چەمکەکانی رۆشنگەری بونیاد دەنێت، وەک خودو ئەقڵو ئازادیو لێکتربووردنو جیاوازیو کەرامەتو یەکسانیو دیموکراتیو هاوڵاتیبوون.

※ پەروەردەی رەخنەیی: کەداوای چاوخشاندنەوە بە هەموو بەهاو بنەما ئاکارییەکانی کە ناکۆکە لەگەڵ مافی مرۆڤ و هاوڵاتی دەکات.

※ پەروەردەی بەهای ئاکاری: ئامانجی دامەزراندنی راستایەکە ئاکاری نوێیە، کەپشت بەکارەکانی ئەقڵ دەبەستێت، یان خۆی لەگۆڕینی بیرورِا یان کار یان هەڵوێست رزگار دەکات(٣).

**ج- پەروەردەکردن لەسەر هاوڵاتیبوون**

بریتیە لەزنجیرەیەک پەروەردەی مەدەنی، بەڵام جەغت لەرەهەندە یاساییەکەی دەکاتەوە، کە پەروەردەیەکە بۆ فرەیی و دیموکراتی و وابەستەبوونی بە کۆمەڵ و کرانەوە بەسەر جیهاندا، کە پەیوەستە بەمافی مرۆڤەوە و لەگەڵ ئەودا بەیەکدا چووە، لەکۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاوازە ئەویش بەپێی چەمکی هاوڵاتیبوون، مەبەست لێی خزاندنە ناوەوەی هاوڵاتییە بۆ ناو پێداویستیەکانی ژیانی گشتی و مومارەسەکردنی ئازادییە گشتیەکان، وەک دەنگدان و پێکهێنانی بیرورِا... هتد.

※ پەروەردە لەسەر هاوڵاتیبوون لەدەیەی شەستەکاندا لەفەرنسا سەریهەڵدا(٤).

※ دووەم: تێرامان لەپەروەردە لەسەر مافی مرۆڤ:

پەروەردە لەسەر مافی مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی ئامانجی پێکهێنانی تاکە بەشێوەیەکی تەواوەتی، کە هەموو پێکهاتە ئەقڵی و مەعریفی و ئاکاری و ویژدانی بەهەند وەردەگیرێت، تاکو لەوە ئاگادار بێت، کە تیۆری و پراکتیکی ئاگاداری مافەکانی خۆی و ئەوانی تر بێت، هەروەها بەئەرکەکانی سەبارەت بەو مافانە.

**لێرەدا دەتوانین هەندێک لەو تێرامانانەی پەیوەستە بەپەروەردە لەسەر مافی مرۆڤ پیشان بدەین، کەئەمانەن:**

**مافی خوێندن**

پەیوەستە بەفێربوونی مافەکانی مرۆڤ، رێزگرتنی لەو مافی فێربوونە، بەوەی گۆشەیەکی سەرەکییە لەگۆشەکانی مافی مرۆڤ، کەئەم مافەش وامان لێدەکات پرسیار لەمافی منداڵ لەکۆمەڵگای خۆماندا بۆ مافی فێربوون بکەین، کە هەموو ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن رێژەی خوێندن لەنێوان منداڵاندا لەو پەرِی نزمیدایە، کە ئەرکی هەموانە منداڵ لەو کارەساتی نەخوێنەوارییە بپارێزین

**※ رەهەندی بەهایی بۆ پەروەردە کردن لەسەر مافەکانی مرۆڤ:**

پەروەردە کردن لەسەر مافەکانی مرۆڤ داوای دامەزراندنی ئەو بەهایانە دەکات، کە پەیوەستن بەو مافانەوە و بریتین لەپەروەردەی بەهاییانە، کەبەرو ئاکارو هەڵسوکەوت ئاراستە وەردەگرێت، بۆ پێکهێنانی ئەو بروایەی لەمومارەسە دا بەرجەستە بێت، ئەم پەروەردەیەش لەسەر بەهاکان لەنزیکترین بوارەوە دەبێت کەبریتیە لەخێزان و خوێندنگا و هەموو دامەزراوەکانی تری کۆمەڵایەتی.

**پەروەردەکردن لەسەر مافی مرۆڤ لەخوێندنگاکان و دامەزراوەکانی فێرکردن:**

مەبەست لەپەروەردە لەسەر مافی مرۆڤ لەخوێندنگاکاندا مانای بوونی میتۆدێکی سەربەخۆی خوێندن نییە، بەڵکو مەبەست لێی تێکەڵکردنیەتی لەگەڵ میتۆدی خوێندنی خوێندنگادا، ، ئەویش لەقۆناغە جیاجیاکانی خوێندندا، لەو سۆنگەوەی کە پەروەردە کردن لەسەر مافی مرۆڤ، کردەیەکی پەروەردەیی گشتگیرە، هەوڵی دروستکردنی خوێنکار/ هاوڵاتی دەدات، کە پێویستی بەدانان و هێنانی بەرنامەی تایبەتە و پەیوەستە بەرۆشنبیری و مافی مرۆڤەوە، وەک ماددەی فەلسەفەو پەروەردەی نیشتمانی و پەروەردەی کۆمەڵایەتی و زمان و ...هتد.

ئەمەش وامان لێدەکات چاو بەمیتۆدی خوێندندا بگێرِینەوە، تاکو لەگەڵ پێداویستیەکانی پەروەردەیەکی تەندروستدا گونجاو بێت، وەک نمونەی پەروەردەکردن لەسەر مافی مرۆڤ، هەروەها ئەبێت چاو بەبارودۆخی پەیوەست بەژینگەی قوتابخانەکەدا بخشێنینەوە، کەرێزگرتن لەمافی مرۆڤ بەرجەستە ناکات، بۆ نمونە پەیوەندی نێوان مامۆستا و خوێندکار، بڵاوبوونەوەی سزای پیشەیی، لاوازی پەرەپێدانی بوارەکانی یاریکردن و چالاکی مەبەستدار.

بۆ پتەوکردنی بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری مافی مرۆڤ، پێویستە لەگەڵ چالاکییە رۆشنبیرییە هاوتاکاندا تێکەڵاوی بکەین بۆ وانە سستەمیەکان، کەرێگە بەخوێندکار بدرێت ئەفراندن بکاتو پەرە بەکەسایەتی خۆی بدات، هەروەها دەرفەتی بەمومارەسی پێداویستەکانی ژیانی پێبدرێت، هەروەها چاکەکاری و ئاکاری پێویست بۆ هاوڵاتیبوون پێبدات، بەتایبەت بۆ خۆی و بەگشتی بۆ هەموو مرۆڤایەتی بێت.

هەروەها ئەبێت خوێندنگا ببێتە تاقیگەیەکی بچوککراوە بۆ ژیانی دیموکراتی و چاکەکانی فرەیی، هەروەها هۆکاری رێوشوێن و چارەسەری ناکۆکیەکان، هەروەها بەکارهێنانی رێگەی ئەقڵانی بۆ جیاوازیو گفتوگۆ، هەروەها درک کردنی بەپەیوەندی نێوان ماف و ئەرکەکان.

خوێندنگا پێویستی بەوە هەیە پێداویستیەکانی پەروەردە لەسەر هاوڵاتی دابین بکات، کەئەمە وا لەخوێندکار دەکات ویژدانیەن زانیاری و کارایی و هەڵوێستی ئاکاری هەبێت، تابتوانێت بەشێوەیەکی ئیجابی پەیوەندنی نێوان خۆی و کۆمەڵگاو دەوڵەت دیاریبکات، تاکو بۆ کارلێکەرێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بگۆرِدرێت

### * مەرجەعیەکانی پەروەردەکردن لەسەر مافی مرۆڤ:

پەروەردەکردن لەسەر مافی مرۆڤ پێویستی بەمەرجەعیە نێودەوڵەتیەکان هەیە، کەپەیوەستە بەمافی مرۆڤەوە، جیهانیەتی ئەم مەرجەعیەتە مانای وایە هەموو مرۆڤایەتی کاری لەدارشتن و پێکهێنانیدا کردووە، کە موڵکی هەموو مرۆڤایەتییە، گوزارشت لەخواستی زیاتر بۆ ئازادی و ئاشتی و پەرەسەندن و فراوانبوونی جوغزی رۆشنبیری برایەتی مرۆڤایەتی دەکاتەوە، هەروەها رێزگرتنی هاوبەش لەنێوان مرۆڤایەتیدا بەدەر لەپەرەسەندنی ئاستی مادی یان رەنگ و رەگەزو سەر بەچ نەتەوە یان باوەرێکی ئاینیە یان هەڵبژاردنی مەزهەبی، هەروەها پێویستە ئاگای لە تایبەتمەندیەکانی نیشتمانی و بەهاو ئاکارو نەریتی لۆکاڵی بێت.
رۆڵی دامەزراوەکانی راگەیاندن و رۆشنبیری:- رۆڵی دامەزراوەکانی راگەیاندن و رۆشنبیری بۆ پەروەردەکردن لەسەر مافی مرۆڤ، هیچ لەگرنگیەکانی تر کەمتر نییە، بەحوکمی ئەوەی کاریگەری لەسەر زۆرێک لەتوێژە کۆمەڵایەتیەکان هەیە، ئەویش بەهۆی ئەو هۆکارانەی ئێستا لەدەستیدایە، کە دەتوانێت گفتوگۆ لەگەڵ هەموو هزرەکاندا بکات، ئەم بوارانە کۆمەڵێک گۆڕانکاری ریشەییان بەخۆیەوە بینیوە، کەوایکردووە بەئاسانی زانیاری و شارەزایی بگوازنەوە.
ئەمەش پێویستی بە سەربەخۆیی ئەم دامەزراوانە هەیە لە کەرتی حکومی و ئەهلی، تاکو بەرنامەیەک پەخشبکەنەوە بەهاکانی مافی مرۆڤ پتەوە بکات

### * ئەو پرسیارانەی پەیوەستن بە پەروەردەکردن لەسەر مافی مرۆڤ:

هەندێک پرسیار هەن پێویستیان بەبیرکردنەوەی قوڵ هەیە لەلایەن ئەوانەی لەبواری پەروەدەدا کاردەکەن، یان لەلایەن پسپۆرەکانەوە، کە پەیوەستە بەپرۆژەی پەروەردە کردن لەسەر مافی مرۆڤ، کەوا تەماشای پەروەردەی ماف دەکات وەک پرۆژەیەکی رۆشنبیری کۆمەڵایەتی (سۆسیو رۆشنبیری)، بۆ نوێکردنەوەی ئەقڵ لەرووی رۆشنبیریەوە، هەروەها گەشە بە باری کۆمەڵایەتی مرۆڤ بدات، هەروەها لەبەهای ئەقڵانی مرۆیدا رۆشنگەری بکات، بریاری هەق بدات و رێز لەئەرکەکانی بگرێت، کە ئەمەش بەپێی سستەمێکی سیاسی دیموکراتی دەبێت، ئەم لایەنە رۆشنگەرییەی رۆشنبیری مرۆڤ لەسەر مافەکانی مرۆڤ دەبێت لەدژی بێت.

### * سێهەم ئاماژە بەئەزمونە پراکتیکیەکان:

#### ئەزمونی مەغریبی لەبواری پەروەردەکردن لەسەر مافی مرۆڤ

وەزارەتی مافی مرۆڤ هەر لەسەرەتای دروستبوونیەوە کاری بۆ بڵاوەکردنەوەی رۆشنبیری مافی مرۆڤ کردووەو هەروەها پەروەردەکردن لەسەر ئەو بنەمایە، بۆ ئەم کارە پشتی بەکەناڵی خوێندن بەستووە، لەساڵی١٩٩٤وە پەیماننامەیەکی هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە مۆر کردووە بۆ چەسپاندنی چەمکەکانی پەیوەستە بەمافی مرۆڤەوە، لەبەرنامەی خوێندنی میتۆدی پەروەردە بۆ هەردوو قۆناغی سەرەتایی و دواناوەندی، هەروەها چەسپاندنی ئەو رۆشنبیریە لەناو پێگەی خوێندندا.
بەرنامەی نیشتمانی بۆ پەروەردەکردن لەسەر مافی مرۆڤ پشتی بەسەرچاوە جیهانیەکانی ئەو مافانە بەستووە، هەروەها دەستووری مەغریبیش. کە وەک بنەماو بەها جەغتی لەمافەکانی مرۆڤ کردووە، نەک تەنها وەک یاساو بنەمای ناسراو، کەئەم کارە لەناو میتۆدی خوێندندا جێگیرکراوە، هەروەها مامۆستای تایبەتی لەم بوارەدا ئامادەکردووە لەبواری پەروەردەکردن لەسەر مافی مرۆڤ، کە ئامادەکاری یاسایو میتۆدی و خوێندن و کۆمەڵایەتی تێدا کۆکردووەتەوە.
لەسەر ئاستی جێبەجێکردنی پرۆژەکە لەقۆناغی یەکەمدا چاو بە ١٢٢ کتێبدا خشێنراوەتەوە ئەویش لە تێروانینی رۆشنبیری مافەکانی مرۆڤەوە لەپێنج ماددەدا: پەروەردەی ئیسلامی، زمانی عەرەبی، کۆمەڵایەتی، فکری ئیسلامی، فەلسەفە، زمانی فەرەنسی، بە ئامانجی پاڵاوتنی و بۆ ئەوەی هاوشێوەی ئەوە بێت لەگەڵ ئامانجەکانی مافی مرۆڤدا بگونجێت، هەروەها میتۆدی تێکەڵکراو بۆ پەروەردە لەسەر مافی مرۆڤ لەقۆناغەکانی سەرەتایی و دواناوەندی پێکهێنراوە، هەروەها یەکەی مەشق و ئامادەکردن بۆ پەروەردەکردن لەسەر مافی مرۆڤ پێکهێنراوە، هەروەها چەندەها رێو شوێن بۆ ئەمە مەبەستە گیراوەتە بەر(٥).

### * ئەزمونی تونسی لەبواری پەروەردەکردن لەسەر مافی مرۆڤ:

بەرنامەی پەروەردەیی بۆ بنەماکانی مرۆڤ لەچوارچێوەی ئەو چاکسازییە پەروەردەییە گشتگیرەی ئامانجی ئامادەکردنی خوێندنگاکانی تونسە بۆ بەرەنگاربوونەوەی بەرەنگاریەکانی ئەم سەدەیە.
پەروەردەکردن لەسەر بنەماکانی مافی مرۆڤ لەتونس بۆ یاسای پەروەردەیی لە یۆلیۆی ١٩٩١ پاشان بەیاسای ئاراستەکردنی پەروەردەو خوێندنی خوێندنگاکان لەیۆلیۆی ٢٠٠٢.
لەم چوارچێوەیەی بەرەنگاری میتۆدی پەرەوەردە بۆ ساڵی ١٩٩١، هەروەها دووبارە چاوخشاندنەوە بە ناوەرۆک و مەبەستەکەی، کە ماددەی پەروەردەی مەدەنی زیاد کرد (لەپۆلی سێهەمی سەرەتای دەخوێنرێت، تاکو قۆناغەکانی ئامادەیی بەردەوام دەبێت)، هەروەها مادەیەک بۆ مافی مرۆڤ خراوەتە ناو وانەی مێژوو، زمانەوە، بۆ دیاریکردنی میتۆدی فێرکردن و دارشتنی بەرنامەی تایبەت بە پەروەردە کردن لەسەر مافی مرۆڤ، وەک سەرچاوە پشت بەسەرچاوە لۆکاڵیەکان و جیهانیەکان بەستراوە، کە بریتین لەپەیماننامە و رێکەوتنامە نێودەوڵەتیەکان.
لەبەر رۆشنایی میتۆدە نوێیەکاندا، دووبارە کتێبەکانی خوێندن دارێژراوەتەوە تاکو ناوەرۆکەکەی لەگەڵ مەبەستو ئامانجی نەخشە بۆکێشراودا بگونجێت، لە هەموو ئەو بنەمایانەی دژی مافی مرۆڤن پاککراوەتەوە، هەروەها مامۆستا مەشقی پێکراوەو ئامادەکراوە لەبواری پەروەردەی مەدەنیدا(٦).

سەرچاوە
Serchawe

گومانی تێدا نییە چەند ئاستی خوێندن بەرزبێتەوە ئاستی گەشەسەندنی کۆمەڵگاش بەرز دەبێتەوە (ئەویش بەپێی چەند لێکۆڵینەوەیەکی زانستی)، هەروەها ڕۆشنبیری کۆمەڵ و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی ڕوودەدەن، کەئەمەش بەشێوەیەکی ئیجابی کاریگەری لەسەر بوونیادی کۆمەڵگا دەبێت.

هەروەها بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری لێکتربووردن و مافی مرۆڤ دەبنە هۆکاری گشتاندنی بنەما نوێیەکانی بیرکردنەوە، هەروەها گەورەکردنی بەهاکانی وەک ئاشتی و پێکەوەژیان و برایەتی کۆمەڵایەتی، هاوکاری بڵاوبوونەوەی ئاسایش دەدات، هەروەها دامەزراوە مەدەنیەکان دەتوانن لەناو کۆمەڵگادا کار بکەن.

※ لەدواجاردا ئەم پێشنیارانە دەخەینەڕوو:

※ هاوتا بوونی ئۆرگانی نێوان پەروەردەو کۆمەڵایەتیو سیاسی، دەسەڵات ناچار دەکات کە ڕێو شوێنی پێویست بگرێتە بەر بۆ گشتاندنی خوێندنی سەرەتایو بەخۆڕایی کردنی خوێندن.

※ بڕیاردان لەسەر خوێندنی مافی مرۆڤ لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا، بەتایبەتی لەبواری کۆلێژەکانی مامۆستایانو یاساو پۆلیسو ڕۆژنامەوانیدا.

※ خستەناوی ڕۆشنبیری مافی مرۆڤ بۆ بەرنامەکانی گەشەپێدان، هەروەها لەناو چالاکیەکانی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن، هەروەها بەرنامەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی.

※ بەشدارپێکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بەتایبەتی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و خاوەن پسپۆڕیو شارەزایان لەئاراستەکردنی پەروەردەکردن لەسەر مافی مرۆڤ لە هەموو ئاستەکانی سستمی پەروەردەدا.

سەرچاوە:

1- نەتەوە یەکگرتووەکان بنەماکانی خوێندنی مافی مرۆڤ، نیویۆرک، ١٩٨٩، ل ٧

٢- مستەفا محسن، بەرنامەی نیشتمانی بۆ پەروەردەکردن لەسەر مافی مرۆڤ، لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانییە لەجیهانی پەرەوەردەدا، گۆڤارێکی وەرزییە، ژمارەی ١٥ ، بڵاوکراوەکانی جیهانی پەروەردە، دار البیچاو، ٢٠٠٤، ل ٣٩٩.

(٣)عبد المجيد الاقتصار ، التربية على حقوق الإنسان ، بيد نموذجيا – تربية –ثقافة ، مطبعة برنتو المحمدية ، ط(٣) الرباط ص١٤

(٤) مصطفى محسن ، ومع سبق الإشارة إليه ، ص٤١٠ – ص٤١٢ .

(٥) لمزيد من البحث انظر : إدريس نجيم ، التجربة المغربية في مجال التربية على حقوق الإنسان ، ورقة عمل مقدمة في ورشة العمل الإقليمية حول إدماج حقوق الإنسان في المناهج التعليمية ، الدوحة ( ١٥- ١٩ فبراير٢٠٠٤ )

(٦) التجربة الفرنسية في التربية على حقوق الإنسان ، الواقع والأفاق ، بدون مؤلف ، ورقة عمل في ورشة العمل الإقليمية حول إدماج حقوق الإنسان ، الدوحة ، ٢٠٠٤ م.

سەرچاوە : ماڵپەری ڕۆشنگەری

================================================================================

# کرۆنۆلۆژیی تیرۆری ڕستورانی میکۆنووس لە ئاڵمان



ئامادە کردنی ڕەحمان نەقشی

※ دوای ئەوەی بڕیاری کۆتایی درا کە ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات لە ئاڵمان تیرۆر بکرێن، وەزارەتی ئیتلاعات یەکێک لە مەئموورانی دانیشتووی ئاڵمانی بۆ ئامادەکاریی و پشتیوانی جێبەجێ کردنی هێرشی تیرۆریستی ڕاسپارد. ئەو کەسە کازمی دارابی ئەندامی سوپای پاسداران بوو کە لە ساڵی ١٣٥٩ ەوە نیشتەجێی ئاڵمان بوو. دارابی ئەندامی دەستەی بەڕێوبەری «یەکیەتی ئەنجومەنی ئیسلامییەکانی خوێندکارانی ئورووپا» (UISA ) بوو و پێشینەی کاری توندووتیژی دژی ئۆپۆزیسیۆنی دانیشتووی ئاڵمانی هەبوو. دارابی چوار لوبنانی بە ناوەکانی یوسف محەمەد و ئەلسەید ئەمینی، عەباس حوسێنی ڕائیل، محەمەد عەتریس و عەتائوڵلا ئەیادی کە لە ڕێگەی پێوەندییەکانی پێشوویانەوە لەگەڵ گرووپە میلیشیاکانی لوبنان، حیزبوڵلا و (ئەمەل) ەوە دەناسی بۆ ئەم تیرۆرە دەستنیشان کرد.

※ بڕیار بوو شاندی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات لەگەڵ ڕێبەرانی گرووپە دژبەرەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی و چالاکانی ئێرانی دانیشتووی برلین لە پێنجشەممەی ٢٦ی خەرمانان( ١٧ی سیپتامبر) کۆبینەوە.

ڕستورانتی میکۆنووس بۆ ئەم کۆبوونەوەیە دەستنیشان کرا. ئەمە ئەو هەلە بوو کە وەزارەتی ئیتلاعات چاوەڕوانی دەکرد و ڕۆژی ١٦ی خەرمانانی ١٣٧١ یا ئەو نزیکانە عەبدولڕەحمان بەنی

هاشمی بۆ فەرماندەیی تیرۆری میکۆنووس گەیشتە برلین.

* قۆناخی کۆتایی پیلان، بەهەواڵی گەیشتنی دوکتور محەمەد سادق شەرەفکەندی، همایون ئەردەڵان و فەتاح عەبدولی لە ٢٣ی خەرمانانی ١٣٧١ ( ١٤ سپتامبر ١٩٩٢ ) بە برلین بۆ بەشداریی لە کۆنگرەی نێونەتەوەیی سۆسیالیستەکان [Congress of the Socialist International] تەواو بوو.

* ٢٢ی خەرمانانی ١٣٧١، ( ١٣ سپتامبر ١٩٩٢ ) ئەندامانی تیمی تیرۆری میکۆنووس لە ماڵە دارابی هەڵکەوتوو لە شەقامی (Detmolderstrabe) ژمارەی B ٦٤ ، یەکتریان بینی. بەنی هاشمی، دارابی، محەمەد، ئەمین، حەیدەر و رائیل بەشداری کۆبوونەوەکە بوون. دوای کۆتایی کۆبوونەوە، دارابی تیمەکەی بردە بنکەیەک لە زێنفتین بێرگێر رینگ [RingSenftenberger ]، ژمارە ٧ لە برلین کە بۆ ئەم هێرشە لەبەر چاو گیرابوو.

***

* هاوینی ساڵی ١٣٧١ (١٩٩٢) دوکتور سادق شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزب بۆ بەسەر کردنەوەی کار و باری حیزب لە دەرەوەی وڵات و پێوەندی گرتن لە گەڵ کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی یەکانی ئوورووپا و هەروەها دیتنی نوێنەران و رێبەرانی رێکخراوە سیاسی یە ئێرانی یەکان سەفەری ئورووپای کرد.

* لە درێژە مانەوەی لە ئۆرووپا دا بۆ بەشداری لە کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیست دا بانگهێشتن کرا و لە رۆژەکانی ١٥ تا ١٧ی سیپتامبری ١٩٩٢ (٢٤ تا ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١) بە سەرپەرستیی هەیئەتیک کە جگە لە خۆی لە هاورێ کاک فەتاح عەبدولی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە ئەرووپا، هاورێ هومایوون ئەردەڵان نوێنەری حیزب لە ئاڵمان و دۆستێکی لە مێژینەی حیزب بە ناوی نوری دهکردی پێک هاتبوو،




* بە پێی بریاری پێشوو رۆژی دیاریکراو کە ئێوارەی رۆژی پێنج شەممە ١٧ی سیپتامبری ١٩٩٢ لە ریستوورانێکی بێرلین بە ناوی میکۆنووس کۆبوونەوەیەک بەبەشداریی دوکتور شەرەفکەندی و هاورێ یانی و نوێنەرانێک لە سازمانی فیدایی یانی گەلی ئێران و جمهووریخوانی میللی ئێران و حیزبی دێموکڕاتیکی خەڵکی ئێران و هێندێک شەخسییەتی ناسراوی ئۆپۆزیسیۆن پێک بێ. ئەو کۆبوونەوەیە بە مەبەستە رێک دەخرێ کە لەسەر هاوکاری و لێک نیزیک بوونەوەی دەستە و تاقمەکانی ئۆپۆریسیۆن و رێکاکانی خەبات بۆ لابردنی رێژیمی کۆماری ئیسلامی باس و وتووێژ بکا و بەردی بناخەی هاوکاری یەکی نیزیکتر و خەباتێکی هاوبەش لە نێو حیزب و رێکخراوە ئازادیخوازەکانی ئێران دا دابنێ. بە هەر هۆیەک و لە هەر رێگایەکەوە بوو. کات و شوێنی ئەو کۆبوونەوەیە بۆ دەزگای تێرۆر و ئینسانکوژیی کۆماری ئیسلامی لە ئورووپا کە وا دیارە ناوەندەکەی لە بۆن پێتەختی ئاڵمانە، مەعلووم دەبێ و ئەو دەزگایە کە لە مێژەوە بۆ لە داو خستن و لە نێو بردنی دوکتور شەرەفکەندی لە هەوڵ دا بووە، نەخشەی تێرۆری ئەو و هاورێکانی دەکێشێ.

***

* دوکتور سادق شەرەفکەندی، هومایوون ئەردەڵان، فەتاح عەبدولی و نووری دێهکوردی نزیک کاتژمێر حەوت و سی خولەکی دوای نیوەرۆ لە دەرکی ریستۆرانێت چوونە ژوورێ. داوا لە عەزیز غەفاری خاوەنی ریستۆرانتەکە کرابوو کە پێوەندی بە نوێنەرانی رێکخراوە و گرووپە سیاسییە ئێرانییەکان لە بێرلین بکا و بانگهێشتی کۆبوونەوە شاندی نوێنەرانی حیزبی دێموکراتیان بکا. بەڵام پێموا غەفاری کەمتەرخەمی کردبوو و کەسانی پێوەندیداری بۆ دوانیوەڕۆی رۆژی دواتر بانگهێشت کردبوو. کە زانی هەڵەی کردوە خێرا دەستی کرد بە تەلیفون بۆ ئەو کەسانەی کە دەبوایە هاتبانە کۆبوونەوە.

* نزیک بە کاتژمێری دە و پەنجا خولەکی شەو، دوو تیرۆریستەکە، عەبدولڕەحمان بەنی هاشمی و عەباس حوسێن رائیل هاتنە ریستۆرانتەوە. یوسف محەمەد ئەمین لە دەرەوەی ریستۆرانت ئاگای لە ولات بوو کەس نەیەتە ژوورەوە. بەنی هاشمی و رائیل وێنەی قوربانییەکانیان پێ بوو و هەروەها شارەزایی تەواوی نەخشەی ریستۆرانتیش بوون و هەر بۆیە زۆر ئاسان توانیان دەستبەجێ بگەنە شوێنی کۆبوونەوە و خێرا تیرۆرەکە بکەن. بەنی هاشمی چەکی یوزی کەلە نێو جانتا وەرزیشییەکەی بوو و رائیلیش چەکی کەمەری ئۆتۆماتیکی هەڵگرتبوو. هەرتک چەک ئامێری دەنگبڕیان لە سەر بوو.

بەنی هاشمی و رائیل دەگەڵ وەژوور کەوتن راست بەرەو دیوی پشتەوەی ریستۆرانت، کە لەوێدا شاندی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات و میوانەکانیان خەریک نانخواردن بوون، چوون. لە لای راستی هۆدەکە دوومێز نزێک بە یەکتر بە قەراخ دیوارەکەوە دانرابوون، میرراشدی لەوسەری میزی لای راستەوە دانیشتبوو. دەستماڵچی، عەبدوولی و ئەردەلان بە ئاراستەی چرکەژمێری ساعەت لەلای چەپییەوە دانیشتبوون. شەرەفکەندی، دێهکوردی، ئیبراهیم زادەی ئیسفەهانی و سادق زادە لەوبەری مێزەکە بوون. غەفاری لە پشتی مێزی دوویەم کە هێندێک لەوی دیکە ئەولاتر بوو، دانیشتبوو. گۆشەی خوارەوەی مێزەکە بەتاڵ بوو.

دوای ئەوەی کە رائیل گوللەی کۆتایی لە شەرەفکەندی و ئەردەڵان دا ،هەر دوو بکوژەکە بەو رێگەیەی دا کە هاتبوونە ژوور، لە ریستۆرانەکە وەدەر کەوتن. لە دەرەوەی ریستورانت، رائیل و بەنی هاشمی دەگەڵ ئەمین بەرە و شەقامی پرینتس ریجنتن ،[Prinzregentstraße]، ئەو شوێنەی محەمەد و فەرەجوڵڵا ئەبووحەیدەر لە ترۆمبێلی راکردن دا چاوەروانیان دەکرد، پێیان پێوە نا.

* بەپێچەوانەی رووداوی ئۆتریش کە لەوی دا تێرۆریستەکان بە جل و بەرگی خوێناوی یەوە لەبەر دەستی پۆلیس دا بوون، کە چی لە پێش چاوی هەموو بیروڕای گشتیی جیهان بۆ پاراستنی قازانجی بازرگانی لە لایەن ئوتریشەوە ئازاد کران. لێرە تێرۆریستەکان هیچیان بەر دەست نەکەوتن و بە رواڵەت شوێنەوارێکیشیان لە دوای خۆیان بە جێ نەهێشت. بەڵام پۆلیسی ئاڵمان

سەرچاوە Serchawe

بەرپرسانە و شێلگیرانە شوێنی تێرۆریستەکانی هەڵ گرت و پاش تەقەلایەکی زۆر دەکرێ بڵێین تەواوی ئەڵقەکانی ئەو پیلانە تێرۆریستی یە دۆزیەوە، پۆلیس زۆر کەسی گرت و لە زۆر کەس پرسیار کرد، تا سەرئەنجام ئێرانی یەک و چوار لوبنانیی بە تاوانبار ناسین و دانی بە دادگا. لەوەش گرنگتر ئەوە بوو کە دەزگای قەزایی ئاڵمان نەی شاردەوە کە پیلانی تێرۆری دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە لایەن بەرزترین کار بەدەستانی ئەمنییەتیی کۆماری ئیسلامی یەوە نەخشەی بۆ کێشراوە و جێ بە جی کراوە.




* سێ حەوتوو بەر لە دەستپێکی دادگای میکۆنووس، وەزیری ئیتلاعات عەلی فەللاحیان گەیشتە »بون» تا چاوی بە بەرزترین بەرپرسی ئیتلاعاتیی ئاڵمان، بێرند شمیت باوێر، [Bernd Schmidbauer]بکەوێ. فەللاحیان داوای کرد ئەو پێنج تاوانبارەی لەم پێوەندییەدا گیراون ئازاد بکرێن و هەوڵی دا پێش بە بەرێوەچوونی دادگا بگرێ. بەڵام شمیت باوێر بە گوێی نەکرد.

لە راستی دا، دادستانەکانی ئاڵمان ئەوەندە لە دەست تێدابوونی ئێران لە تێرۆرەکە دا دڵنیا بوون کە دادستانی گشتی فێدراڵی ئاڵمان، کێی نێم {kaynehm} ، بە شێوەیەکی چاوەڕوانی نەکراو بڕیاری دەست بەسەر کرانی فەللاحیانی لە ٢٤ی رەشەمەی ١٣٧٤ (١٤ مارس ١٩٩٦ ) دەرکرد. بڕیاری دەستبەسەر کردن بە روونی باسی لەوە دەکرد کە فەللاحیان فەرمانی تیرۆرەکەی داوە. هەواڵی بڕیاری دەستبەسەر کردنی فەللاحیان کۆمەڵێک خۆپێشاندانی لە ئیران لێکەوتەوە.

ڕەفسەنجانی، سەرکۆماری ئەو کات لە وتوویژ دەگەڵ «شپیگێل» [Der Spiegel] دا وتی کە بۆ دادگای میکۆنووس و دەرچوونی بڕیاری دەستبەسەر کردنی فەللاحیان دەوڵەتی ئاڵمان بە تاوانبار نازانێ. رەفسەنجانی وتی « بەرپرسانی ئەمریکایی و ئیسرائیلی دەستیان لەم کارەدا هەبووە و یان ئەوەی دەزگای قەزایی ئاڵمان تووشی هەڵە بووە»

* سەرەنجام دادگای بەرزی بێرلین لە ٢١ی خاکەلێوەی ١٣٧٦ ( ١٠ آوریل ١٩٩٧ ) بڕیاری خۆی دەرکرد. کازم دارابی زیندانی هەتاهەتایی بۆ دەرچوو. بڕیارەکە دەیوت: « دارابی..... تیرۆرەکانی بۆ سرویسی نهێنیی ئێران رێکدەخست . ناوبراو ئاگای لە تاوانەکان هەبووە و بۆیە لە تیرۆرەکەدا بەشدار بووە.» عەباسی رائیلیش زیندانی هەتاهەتایی بۆ درچوو. دادگا رائیلی بە تاوانی لانیکەم ئەوگوللانەی بوونە هۆی کوشتن، بە تاوانبار لە قەڵەمدا. یۆسف محەمەد ئەلسەید ئەمین بە تاوانی هاوکاری لە کوشتنی چوار کەسدا، ١١ ساڵ زیندانی بۆ بڕایەوە. محەمەد عەتریسیش بە تاوانی هاوکاری لە کوشتندا ٥ ساڵ و سێ مانگ زیندانی بۆ بڕایەوە. عەتائوڵلا بێتاوان ناسرا و ئازاد کرا، لە حاڵێکدا بۆ ماوەی چوار ساڵ لە رەوتی محاکەمەدا دەستبەسەر بوو. دادگا شتی سیاسیی بە هاندەری تاوانبارەکان بۆ ئەم تێرۆرە سیاسییە زانی. چونکی ئەوان سەر بە رێژیمی بناژۆخوازی ئێران بوون و ئامادە بوون بە تێرۆری رێبەری گرووپە دژبەرەکان پشتیوانیی خۆیان بسەلمێنن. سەرۆکی دادگا، فریتهۆف کووبش {frithjofkubsch} لە حوکمە ٣٩٥ لاپەڕەییەکەیدا گونجاندی کە موحاکەمە« دەرچوونی بڕیاری تێرۆر لە لایەن کاربەدەستانی ئێرانەوەی سەلماند». کۆیش ناوی هیچ بەرپرسێکی لە حوکمەکە دانەهێنا بەڵام روونی کردەوە کە شایەتیدانی شایەدەکان و بەڵگەنامەکانی دیکە سەلماندیان کە کۆمیتەی کاروباری تایبەت بڕیاری تێرۆرەکەی داوە و رێبەری، سەرکۆمار، وەزیری دەرەوە و وەزیری ئیتلاعات هەموویان ئەندامی چالاکی ئەم کۆمیتەیە بوون.

* دۆسییەی میکۆنووس تا ئێستاش باشترین نموونەیە بۆ ناسینی چالاکیی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تێرۆری دژبەرەکانی لە دەرەوەی وڵات دا. ئەم چالاکییانە بە روونی بە کارهێنانی رێکخراوە تێرۆریستییە دەرەکییەکان بۆ راوەدوونانی دژبەرەکانی لە لایەن ئێرانەوە دەردەخا. تێرۆری میکۆنووس کەم تێچوو لە هەمان کاتدا کاریگەر بوو. ئەو میتۆدەی گرووپی تێرۆری میکۆنووس بە کاریان هێنا ئەگەر چی ئەگەری دەست تێدابوونی وەزارەتی ئیتلاعاتی کەم دەکردەوە بەڵام هەوڵێکی زۆر بۆ شاردنەوەی سەرچاوەی تیرۆر یا بەلارێدا بردنی مەئموورانی لێکۆڵینەوە نەدرابوو. نەک هەر هیچ هەوڵێک نەدرابوو بۆ سڕینەوەی ژمارە سریاڵی ئەو چەکانەی تیرۆرەکەیان پێ کردبوو بەڵکوو هەوڵێکی ئەوتۆش بۆ لەنێو بردنی چەکەکانیش نەدرابوو تا پێوەندیی ئەو چەکانە بە ئێرانەوە دەرنەکەوێ. کە ئەمەش خۆێ نیشاندەری ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی پێی وایە ئەگەر دژبەران بزانن کەدەوڵەتی ویلایەتی فەقیهی لە پشت ئەو تیرۆرانەوەیە، بەقازانجیەتی. رەنگە گرینگترین تایبەتمەندیی رووداوی میکۆنووس، دوژمنایەتیی پاساو هەڵنەگری کۆماری ئیسلامی دەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان بێ. لە ماوەی سێ ساڵ دا، دوکتور شەرەفکەندی دوویەمین سکرتێری گشتیی حیزب بوو کە لە یەکێک لە شارە ئورووپاییەکاندا تیرۆر دەکرا. بە گشتی، ناوەندی بەڵگەنامەکانی مافی مرۆڤی ئێران لەو تیرۆرانەی لە دەرەوەی وڵات لە دژی حیزبی دیموکراتی کوردستان کراون، زانیاریی زیاتری لە سەر ئەو تیرۆرانە هەیە کە لە عێراق لە دژی ژمارەیەکی زۆر لەتێکۆشەران و ئەندامانی پایەبەرزی ئەو حیزبە ئەنجام دراون. لێزانیی تیرۆریستەکان و جێبەجێکردنی لەسەرەخۆیانە و بە شێنەیی تیرۆرەکە لە لایەن بکوژانەوە لە عەمەلیاتی میکۆنووسدا نیشاندەری بێ بەزەیی رێژیمی ئێرانە کە هەمیشە لە هەوڵی کوشتن و تیرۆری

## پوختە

لە ٢٦ خەرمانانی ١٣٧١ دا مەئموورانی کۆماری ئیسلامیی ئێران سێ کەس لە ئەندامانی رێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێیەکانیان لە هۆڵێکی تایبەتیی رێستورانی میکۆنووس لە گەڕەکی ویلمێرز دۆرف (wilmersdorf ) ی بێرلینی ئاڵمان تیرۆر دەکەن. ئەم هێرشە یەکێکە لەم زنجیرە تیرۆرە بەرنامە بۆ دارێژراوانەی کۆماری ئیسلامی کە دوای شۆڕشی ١٣٥٧ بە مەبەستی ترساندن و تێکدانی چالاکییە سیاسییەکانی دژبەرانی رێژیم جێبەجێ کرا.

- فەرمانی جێبەجێ بوونی تیرۆری میکۆنووس لە لایەن کۆمیتەی کاروباری تایبەتیی کۆماری ئیسلامییەوە دەرکرا کە ئەو کات عەلی خامنەیی سەرۆکایەتیی دەکرد و سەرکۆمار، ئەکبەری هاشمی

سەرچاوە
Serchawe

ڕەفسەنجانی، وەزیری ئیتلاعات، عەلی فەللاحیان و وەزیری دەرەوە، عەلی ئەکبەری ویلایەتیی ئەندامی بوون.

- کۆمیتەی کاروباری تایبەت بەرپرسایەتیی جێبەجێ کردنی ئەم تیرۆرەی بە عەلی فەللاحیان سپارد.
- تیرۆری میکۆنووس لە لایەن پێرسۆنێلی ئەنجومەنی چالاکیی تایبەتیی وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی و کەسانێکی سەربەخۆ کە لە لایەن وەزارەتی ئیتلاعاتەوەبەکرێگیرابوون، ئەنجام درا.
- عەلی فەللاحیان، عەبدولڕەحمانی بەنی هاشمیی بۆ سەرپەرستیی تیمی میکۆنووس هەڵبژارد و بەنی هاشمی لە لایەن یەکێک لە ئەندامانی وەزارەتی ئیتلاعاتی دانیشتووی ئاڵمان بە ناوی کازم دارابییەوە یارمەتی کرا. دارابی چوار هاووڵاتیی لوبنانیی دانیشتووی ئاڵمانی بە ناوەکانی یوسف محەممەد ئەلسەید ئەمین، عباس حوسێنی رائیل، محەممەد عەتریس و ئەتائوڵلا ئەیاد کە بە هۆی پێوەندییانبە حیزبوڵڵا یان ئەمەلەوە دەیناسین بۆ هاوکاری لە جێبەجێکردنی تیرۆرەکەدا بەکرێ گرت.
- ئامانجی سەرەکیی هێرشی میکۆنووس، دوکتور محەمەد سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، فەتاح عەبدولی، نوێنەری حیزبی دێموکرات لە ئوورووپا و هومایون ئەردەڵان، نوێنەری حیزبی دێموکرات لە ئاڵمان بوون. نووروڵلا دێهکوردی، برادەری دوکتور سادق شەرەفکەندییش لەم هێرشەدا کوژرا و عەزیزی غەففاریش، خاوەنی ڕێستورانت بریندار بوو.
- کوشتنەکان بە هۆی عەبدولڕەحمان بەنی هاشمی و عەباس حوسێن رائیل کە کەسێکی بەئەزموونی سەر بە حیزبوڵڵا بوو و دوا گوللەش هەر ئەو لە سەری ئەردەڵان و د.شەرەفکەندیی دا، بەڕێوە چوون. یوسف ئەمین لە کاتی تیرۆر کردنەکەدا بە داخستنی دەرکی هاتنە ژوورەوەی ڕێستورانت ئەمنییەتی تێرۆریستانی دەپاراست. فەرەجوڵڵا حەیدەر لێخوڕینی ئەو ترۆمبێلەی لە ئەستۆ بوو کە بۆ هەڵاتن لە بەر چاو گیرابوو و هاووڵاتییەکی ئێرانیی دیکەش کە تەنیا بە محەمەد ناسراوە چاوەدێریی شوێنی تێرۆرەکەی تا کاتی تیرۆرەکە لە ئەستۆ بوو.
- ئەگەر چی بەنی هاشمی، حەیدەر و محەمەد توانییان هەر زوو لە ئاڵمان هەڵێن بەڵام زۆربەی ئەو کەسانەی کە ڕاستەوخۆ لە تیرۆری میکۆنووسدا دەستیان هەبوو دەستگیر کران. دادوەرەکانی ئاڵمان، رائیل، دارابی و ئەمینیان بە کوشتنی چوار کەس و هەوڵ بۆ تیرۆری کەسێکی دیکەش تاوانبار کرد. دوو کەسەکەی دیکەش بە هاوکایی لە ئەنجامدانی تاوان، تاوانبار کران.
- دادگای میکۆنووس سێ ساڵ و نیوی پێ چوو. دادگا لەم ماوەیەدا ٢٤٦ جار کۆ بۆوە و ١٧٦ کەس لە دادگا دا شایەتیان دا. یەکێک لە شایەدەکان مەئمووری پێشووی وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی بوو و بەڵگەنامەکان هەر لە پەروەندە ئیتلاعاتییەکانەوە بگرە تا بەرنامە تۆمار کراوەکانی کاناڵی هەواڵی تەلەڤیزیۆنی ئێرانتاوتۆی کران. دادوەرەکان توانیان ٤ کەس لەو ٥ کەسە تاوانبارکراوە، مەحکووم بکەن. رائیل و دارابی بەهۆی ئەوەکە هێرشیان کردبووە سەر ڕێستورانت سزای هەتاهەتاییان بۆ دەرچوو.
- بەرپرسانی ئاڵمان بەم ئاکامە گەیشتن کە دەوڵەتی ئێران «ڕاستەوخۆ» دەستی لە تیرۆری میکۆنووس دا هەبووە و لە بانەمەڕی ١٣٧٤ دا، دادستانی گشتیی فیدراڵی ئاڵمان، کەی نێهم (kaynehm )، بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو بڕیاری دەستبەسەر کردنی نێونەتەوەیی، عەلی فەللاحیان وەزیری ئیتلاعاتی ئێرانی دەرکرد. ئەم بڕیارە ڕوونی دەکردەوە کە فەللاحیان دەستی لەم تیرۆرەدا هەبووە.
- بڕیاری دەستگیری بۆ دوو مەئمووری دیکەی وەزارەتی ئیتلاعات کە لەتاران دەبوون و ڕۆڵی سەرەتاییان لە داڕشتنی تیرۆرەکەدا هەبوو، دەرچوو. هەرسێکیان ئێستا داواکراون.
- بڕیاری دەستگیریی عەبدولڕەحمانی بەنی هاشمی و حەیدەر هەروا لەسەر جێی خۆیەتی، وێدەچی هەردووکیان ئێستا بە ئاسایشی تەواوەوە لە ئێران بژێن.

سەرچاوە :
١- نیو سەدە تێکۆشان، نووسینی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە
٢- تێرۆری میکۆنووس، شرۆڤەی تێرۆرێکی سیاسی (وەرگێڕانی: تەها ڕەحیمی) ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٥٩١

================================================================

# بۆ کێ ڕەوایە خودانی دەوڵەت بێت، کورد، یا فەڵەستینییەکان ؟

نووسینی : ڤیکتۆر شارپ

وەرگێڕانی : غازی حەسەن



لە سەرجەم ڕۆژهەڵات و باکوری ئەفریقا پتر لە بیست دەولەتی عەرەبی هەن، بەڵام لەناو دژایەتی کردنی شاراوەی ئیسرائیلدا جیهان داوای دروستکردنی دەولەتێکی دیکەی عەرەبی بە دووری ٤٠ میل لە نێوان دەریای ناوەڕاست و ڕوباری ئوردن لێدەکاتەوە دەکەن.وا لە ئیسرائیل دەکەن کە پێوانەکەی بچوکترە لە ویلایەتی ویلز و نیوجەرسی، بەشداری ئەم کیانە عەرەبییە نوێیەو دوژمنکارییە بکات کە پێی دەگوترێت فەلەستین.
جێی وەبیر هێنانەوەیە لە هەموو مێژوودا هیچ دولەتێکی سەربەخۆ بەناوی فەلەستین نەبووە، بە دڵنیایشەوە عەرەبی بوو بێت. زاراوەی فەلەستین هەمیشە لە دەڤەرەکە وەکو ناوێکی تەنیا جوگرافی بەکارهاتووە وەکو سیبیریا و باتاگونیا، بەڵام هەرگیز وەکو دەولەت ناوی نەهاتووە.
بەڵام خەڵکی وەکو جولەکە هەن، ڕەوایە دەولەتیان هەبێت و کە ڕەگەزیان بۆ هەزاران ساڵ دەگەڕێتەوە، ئەوانیش کوردەکانن. زۆر جێگەی بایەخە کاتێک چاو بە مێژووی ئەوان وجولەکە دادەگێڕینەوە. پێویستە چاو بەو زولمە مێژوویانە بخشێنینەوە و وەبیر بهێنرێنەوە کە بەدرێژایی سەدەکانی رابردوو لەلایەن وڵاتە دوژمنە دراوسێکان و ئیمپراتۆرەکان لێیان کراوە.لێگەڕێن با بچێینەوە سەر بەدیلکردنی دە هۆزەکەی ئیسرائیل و ساڵی ٧٢١-٧١٥ پێش زاین لەلایەن ئاشورییەکانەوە لە خاک و شوێنی خۆیان

سەرچاوە
Serchawe

راگوێزران، دانیشتوانە جولەکەکان راگوێزران کە خەڵکی تەوراتی ئیسرائیلی بوون بۆ دەڤەرەکان بەپێی زانیارییە کۆنەکان  میدیا و ئاشورییەکانن، رێک ئەو هەرێمەیە کە نزیکە لە کوردستانی ئەم سەردەمە.

دوای ئەوەی بابلییەکان ناوچەکانی ئاشوریان داگیر کرد، لە دیماهیدا ساڵی ٥٨٦ پێش زانینی شانشینی باکوری جولەکەکان لە جودەح بەتەواوی کاولکرا، ئەو جولەکانەی مانەوە رەوانەی هەمان ناوچەکران کە براکانیان لە باکوری تێیدا دەژیان. کاتێک فارسەکان جەنگیان دژی بابلییەکان دەستپێکرد، جوەکان گەڕانەوە رێبازو فەلسەفەی ئاینی جولەکە ، ئەو جولەکانەی مابوونەوە رێگەیان پێدرا بگەرێنەوە خاکی باب و باپیرانیان، دوای ئەوە لەگەڵ بابلییە دراوسێکانیان ژیان، ئەویش جارێکی دیکە ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە ئێستا لەسەردەمی نوێ  پێی دەڵێن کوردستان.

کتێبی تەلمودی لەبەشێکی ئاماژە بە دوو پەرستگای جولکەکە لە یەهودا دەکات کە رێگەی پێدراوە و ناوەندی دەسەڵاتی کوردی و توێژێکی گەورەی دانیشتوانە لە ساڵەکانی دوایدا قبولی ئاینی جویان کرد ، تەنیا گەیشتە ئەوەی پاشای کوردەکان لە سەدەی یەکەمدا لە دژی داگیرکارییەکانی رۆمان هێزی بۆ پاڵپشتی جولەکان رەوان کرد.

لە سەرەتای سەدەی دووەمی زاینیدا بە جولەکە بەهێزەوە لە کوردستان دامەزران و کوردە جوەکانی ئسیرائیل ئەمرۆ بە شێوەی ئارامی کۆن لە ماڵ و پەرستگاکانیان دەئاخڤن، بۆیە ژیانی کورد و جولەکەکان زۆر تێکەڵبووە، بەشێوەیەک زۆر لە چیرۆکە میللیە کوردییەکان پەیوەندیان بە جولەکەوە هەیە.

ئەوەی جێگەی بایەخ و  سەرنجە  کە گۆرستانی پێگەمبەر جوەکان بەپێی کتێبی پیرۆز رەنگە لە کوردستان یاخود نزیک کوردستان بدۆزرێنەوە، بۆ نمونە پێغەمبەر ناحوم لە ئەرقۆشە و هەروەها گۆڕی یۆنان لە نەبی یونسە کە دەکەوێتە نەینەوای کۆن، هەروەها گۆڕی دانیال لەکەرکووکی کوردستانی دەولەمەند بە نەوتە. حەبابابوک لە تویسرخانە، هەروەها شازادە هەداسا یاخود ئەستێر بەتەنیا لەتەنیشت مامی مۆردخای لە هەمەدان نێژراون. دوای یاخیبوونە دۆراوەکە دژی رۆما، زۆر لە حاخامەتەکان پەنایان بۆ کوردستانی ئێستا برد، حاخامەکان تێکەڵی زانا هاورێکانی خۆیان بوون، ئەمە تاکو سەدەی سێیەمی زاینی درێژەی کێشا، لەو کاتەدا ناوەندە زانستییەکانی جولەکە زۆر گەشەیان کرد،بەڵام دواتر ساسانییە فارسەکان باڵادەست بوون، ئیتر چەوسانەوە دژی جولەکە و کوردەکان دەستی پێکرد و ئەم بارودۆخە درێژەی کێشا تاکو داگیرکاری عەرەبی ئیسلامی لەسەدەی حەوتەمدا دەستی پێکرد. لەراستیدا جولەکە و کوردەکان خزانە پاڵ عەرەبە داگیرکارەکان بەو هیوایەی خۆیان لە کردەی تاڵان و برۆی ساسانییەکان بپارێزن.دوای ماوەیەکی کورت دوای فەتحی عەرەبی، دەولەتی سەربەخۆی جولەکە لە حومیەر لەناو برا، ئەمەش وەکو ئەوەیە کە جوەکانی ناوچە کوردییەکان ببنە بەشێک لە پاشایەتی عەرەبی سعودی، لەگەڵ ئەوەشدا داوی داگیرکردنەکە لەلایەن عەرەبی موسلمان کارەکان خراپ بوون، جولەکەکان کە خودانی خاک و زەویەکان بوون و لەلایەن ئیسلامەوە دەستیان بەسەردا گیرا، جولەکە لە سەر زەوییە کشتوکالییەکان دەرکران بەهۆی باجی کەمەرشکێنی دەسەڵاتدارانی موسلمان، بەمجۆرە زەوییەکانی خۆیان بەجێهێشت و بەرەو بازرگانی و کاری پیشەیی لە شارەکان رۆیشتن. هەروەها زۆر لە جوتیارە جوەکان بە هێزیاخود هەڵومەرجی پرئازار بوونە ئیسلام و دەستیان بە ژنخوازی لەگەڵ دراوسێکانیان کرد.

لەناو ئەم دانیشتوانەدا کەسایەتییەکی مێژوویی مەزن دەرکەوت، لە ساڵی ١١٣٨دا منداڵێک لە یەکێک لە خێزانە کوردە جەنگاوەرە جەربەزەکان لەدایک بوو، ناوی سەلاحەدین یوسف کوری ئەیوب بوو، کە دواتر بە سەلاحەدینی ئەیوبی ناسرا. لە قودس بەرەو رووی خاچپەرستە مەسیحییەکان بۆوە، هەرچەندە لەلایەن عەرەبی موسلمان برِوای پێنەدەکرا چونکە بەرەگەز کورد بوو. تا ئێستاش عەرەب گومانیان لە  پەیوەندی بەهێزی نێوان گەلی کورد و جولەکە هەیە.

سەلاحەدین پەنای وەبەر دادپەروەری کاری مرۆیی لە سەردەمی شەرِو ئاشتیدا دەبرد، ئەمەش پێچەوانەی ئەو شێوازەیە کە عەرەب بەکاریان دەهێنا، لەراستیدا سەلاحەدینی ئەیوبی هەر تەنیا یەکسان نەبوو بۆ مەسیحییەکان بەڵکە رێگەی بە جوەکانیش دا لە قودس گەشەبکەنەوە، هەورەها چاکە بۆ ئەو دەگەرێتەوە لە دۆزینەوەی دیواری رۆژئاوای پەرستگای جولەکەکان. کە لەسەردەمی داگیرکردنی بێزەنتیی مەسیحی خرابووە ژێر سەدان تەن زبل. هەورەها هەر ئەو کاتەش حاخامی جولەکە و فەیەلسوف موسا کوری میمون دکتۆری تایبەتی سەلاحەدینی ئەیوبی بوو

بە  پێی زانیارییەکانی تیمە نێودەولەتییەکان، ساڵی ٢٠٠١ دوای پشکنینێکی گەورە لەرێگەی بەکارهێنانی (ئای دی ئێن)، کە تیمە ئیسرائیلی و ئەلمانی و هیندییەکان ئەنجامیان دا، دەرکەوت کە جوەکانی ئەم سەردەمە پەیوەندیان پتەویان بە دانیشتوانی ناوچەکانی باکوری دەریای سپی (کورد و ئەرمەنەکان) هەیە، کە عەرەب و بەدوەکانیش کەوتونەتە ناوچەکانی باشوری دەریای ناوەڕاست.

با بگەڕێینەوە بۆ ئەم سەردەمە، هۆکاری چییە دونیا داوای دەولەتی عەرەبی فەلەستینی دەکەن، بەڵام بە سەرسوڕمانەوە پشتیان لەدەولەتی نیشتیمانی و دامەزراندنی دەولەتی کوردی کردووە.

ئەم بنەمایە لە بریاری مافی چارەنووسی  نێودەولەتی دانی پیانراوە،  پێدەچێت ئەم بنەمایە لەسەر کورد جێبەجێ نەکرێت.

لەم وتارەی لە ٦ی جولای ٢٠٠٤ دا لەژێر ناوی " دامەزراندنی دەولەتی کوردی و هەڵاوردەیی" لە رۆژنامەی نیۆرک سن لەلایەن هیلیل هالکین بڵاوکراوەتەوە ئاماژە بە جیاکاری و دووروی لە بەکارهێنانی پێوانەکان دەکات لە دژی خواستەکانی کورد لە پێناو دامەزراندنی دەولەتی کوردی و دەنووسێت : ئەو زولمە مێژووییەی دژیان کرا، سەرباری مەعانات بەدرێژایی ساڵانی پێشوو هەتا دەگاتە چوارچێوەی عێراقی فیدرالی، وایان لێکراوە دەبێت لەژێر رەزامەندی عەرەب بن. لەئەنجامی باڵادەستیان لە حکوومە تی بەغدا، هەرچەندە کورد مافی خۆبەرێوەبردنی هەیە، کە وەکو دەولەتن بەڵام دانیان پێنەنراوە.لە راستدا لە سیاسەتدا کاری وەحشیانە دەکرێت، عەرەبە فەلەسەتینیەکان خودانی دۆستی زۆرن لە جیهانی دەولەمەندی نەوت، نەوت سەرچاوەیەکی گرینگی ئابورییە. کوردیش وەکو جوەکانن، ژمارەیەکی کەمی دۆستیان هەیە، کوردەکان کاریگەرییەکی کەم و دیاریکراویان بەسەر هێزە نێودەولەتییەکانەوە هەیە.بەرێز هالکین ئاماژەی کردووە و دەڵێت:" کوردەکان بەهانەی پترلە فەلەستینییەکان لەدەستە بۆ بەدەوڵەتبوون. کوردەکان زمان و رۆشنبیریی دەگمەنی خۆیان هەیە، کە عەرەبە فەلەستینیەکان نیانە. کوردەکان چەندین سەدەیە خۆیان بە گەلێکی تایبەت دادەنێن، بەڵام عەرەبە فەلەستینییەکان ئەم هەستەیان  نەبووە. کوردەکان بەبەردەوامی لە ماوەی (١٠٠ ) ساڵی رابردوودا لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و بەڵێنەکانیەوە ناپاکیان لێکراوە، لەکاتێکدا عەرەبە فەلەستینییەکان تەنها لەلایەن برا عەرەبەکانی خۆیانەوە ناپاکیان لێکراوە.

بەپێی  ئەو پلانە کۆنە، ئاشتی تەنیا ئەو کاڤە لەجیهاندا بەرقەراردەبێت کە عەرەبە فەلەستینییەکان دەوڵەتێکیان دەبێت، بۆیە ئەم بیرۆکەیە بریتیە لەسەرابی  بیابان.نووسەر جیرالد هۆنیگمان  لەبارەی نیگەرانی جیهانەوە سەبارەت بەو عەرەبانەی کە بەخۆیان دەڵێن فەلەستینی دەنووسێت وکەچی لەهەمان گاڤدا  ئازارەکانی کورد و بەربەرەکان پشتگوێ دەخات دەربارەی ملیۆنان لەو گەلانەی کە عەرەب نین لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا دەژین  کتێبێکی نووسیوە و لە نزیکەی ١٢ زانکۆی بەناوبانگ دەخوێندرێت،  لەچەند بەشێکیدا باسی  کێشەی کورد

سەرچاوە
Serchawe

دەکات، کە تەنیا ڕێککەوتیش نییە پێشەکی کتێبەکە لەلایەن سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان لە سوریا نووسراوە..

لەماوەی دەسەڵاتی سەدام حوسێنی دیکتاتۆردا، کوردەکان بە چەکی کیمیاوی کۆمەڵکوژکران. کوردەکان بەدەست سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی تورکەکانەوە ناڵاندویانە و بەردەوامیش لەلایەن حکوومەتی ئێستای تورکیاوە دەچەوسێنرێنەوە کە ئەحمەد داود ئۆغلو-ی وەزیری دەرەوەی تورکیا لە کۆبوونەوەیەکی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و نێودەوڵەتیدا گوتی تورکیا پشتگیری لەزۆرلێکراوەکانی جیهان دەکات. ئۆغلو سەرکوتکردنی کوردەکانی لەلایەن خودی حکومەتەکەی خۆیەوە پشتگوێخست و بەدڵنیاییەوە خەڵکی غەزەی بە "چەوساوە" وەسفکرد. بەپێی بنەماکانی واقیعبوون لە سیاسەتدا، لە بواری یاسا و ئەخلاقی بە دڵنیاییەوە کێشەی کورد زۆر بەهێزترە لەپرسی ئەو عەرەبانەی خۆیان بە فەلەستینی ناودەبەن. لەلایەکی ترەوە دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام حسێن، کوردەکان ژیرییەکی سیاسی و ئابووری مەزنیان پیشاندا، کە چەند جیاوازە لە نموونەی کەمژایەتی عەرەبەکانی غەزە، گاڤێک لەلایەن ئیسرائیلەوە کۆنترۆڵی هەموو کەرتی غەزەیان پێدرا، بەڵام ئەوان نەخۆشخانە و قوتابخانەیان دروست نەکرد، بەڵکو ئەوان لەجیاتی ئەوە حەشارگە و هاوان و موشەکیان هەڵبژارد، و سەرەڕای ئەمەش شەریعەتی ئیسلامیان سەپاند و لەگەڵ ئەوەشدا ئافرەت و خەڵکی نا موسلمانیان بێ بایەخ نیشان دا.

ئەزموونی کوردی، بەلایەنی کەم لەم هەرێمەی ئێستادا کە نیمچە سەربەخۆییە، کۆمەڵگایەکی شایستەی پیشانی جیهاندا کەسەرجەم تاکەکانی کورد بە پیاو و ئافرەتییەوە ئازادیان زیاترە لەهەر شوێنێکی دیکەی جیهانی عەرەبیی و موسوڵمان و هەر شوێنێکی دیکەی عێراقدا، کە دوای کشانەوەی سوپای ئەمەریکا بە بەخێرایی بەرەو ئاژاوەی ئیتیکی دەچێت. لەسەر باراک ئۆباما، دەیڤید کامیرۆن، ئەجیلا مێرکڵ، نیکۆلا سارکۆزی، و هەموو سەرکردەکانی جیهانی ئازاد پێویستە سەیری کوردستان بکەن کە خودانی یەدەگێکی نەوتی گەورەیە و ئەو دەوڵەتە نوێیەش لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروستبکرێت. کارێکی سروشتی و دادپەروەرییەکی رونیشە هەرچەندە زۆری بەسەردا تێپەڕیوە. لە ئالەکی دیکەدا دەولەتی عەرەبی فەلەستینی بەخێرایی دەبێتە پەناگەیەکی پارێزراو بۆ توندوتیژی دژ بە رۆژئاواو بنکەیەکیش بۆرێکخراوی ئەلقاعیدە و حەماس (کە برابچووکی ئیخوان موسلمینە)، سەرباری ئەوەش خاکێکی دوور لە دیمکراسی لەخاکی باوباپیرانی جولەکەکان کە زەوی کتێبی پیرۆزی جوەکان و(سامرا) دادەبرێندرێت و دواجار شەریعەتی ئیسلامی تێدا دەچەسپێنرێت و ئەمەژی تەنیا یەک ئامانجی تێدا کۆبۆتەوە کە بریتییە لە لەناوبردنی ئیسرائیلی هاوچەرخ. دواجار، دادپەروەرییەکی سروشتیە بۆ دەوڵەتی جولەکە کە هەزاران ساڵە مێژووی هاوبەشیان لەگەڵ کوردەکان هەیە، ئەو کوردانەی ژمارەکەیان دەگاتە پتر لە (۳۰) ملیۆن کەس و بڵاوبوونەتەوە لە نێوان رۆژئاوای باکوری ئێران و باکوری عێراق و سوریاو تورکیا. لە نێوەندە نێو دەولەتییەکان دەجەنگن بۆ دامەزراندنی دەولەتی کوردستانی سەربەخۆ و سەربەرز.

هاوپەیمانیەکی هەمیشەیی لەنێوان ئیسرائیل و کوردستاندا دەبێتە داکۆکردن لەمێژوو. هەروەسا دانپێدانانێکە بە ئازارە هاوبەشەکانی هەردوو گەل و نزیکبونەوەیە لە دەرکەوتنی داهاتوویەکی گەشتر بۆ ئەو دەولەتانەی عەرەبی نین.مەحمود عەباس، سەرۆکی ئێستای دەسەڵاتی فەلەستینی کە نکۆڵی دەکات لە هۆلۆکۆست، هەرگیز و هەرگیزیش بە ئاشکرا بە زمانی ئینگلیزی یان عەرەبی مادەکانی دەستووری فەتح بەدرۆناخاتەوە کە داوادەکات " ئابووری جولەکە و بوونی سیاسی و سەربازی و رۆشنبیری جولەکە بسرێتەوە" یان بە واتایەکی دیکە لەناوبردنی دەوڵەتی جولەکە و جینۆسایدی هاووڵاتیەکانییەتی. سەرۆک ئۆباما و ئەوروپییەکان ستایشی مەحمود عەباس دەکەن و یارمەتی دارایی دەدەن.

کوردەکان کە بەبێ شاردنەوە هەقی دەوڵەتیان هەیە، وەلێ عەرەبی فەلەستینی کە ئەم مافەیان داهێناوە بە دوژمنکاری و تاوان و خواستە جینۆسایدییەکانیان لەبەرامبەر ئیسرائیل و جولەکەکان مافی هەبوونی دەوڵەتیان ونکردووە.

* ڤیکتۆر شارپ: نووسەرێکی سەربەخۆیە و خودانی کتێبی هەولدان بۆ غافلکوژی دەولەتی خولەکە یە.
* ئەم بابەتە لە گۆڤاری ئەمەریکان پینکەر بڵاوکراوەتەوە بە زمانی ئینگلیزی.

سەچاوە : ماڵپەری کوردستان ۲۱ نێت

---

# عیسمەت شەریف وانلی ... ژیانێکی پڕ لە سەروەری



عصمت شريف

ژیانێکی پڕ لە سەروەری و شکۆمەندی

دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی ژیانێکی پان و بەرینی بەسەر برد و لە تەمەنی هەشتا و حەوت ساڵیدا ماڵئاوایی لێکردین. هەرچەندە سەردانەکانی وانلی بۆ کوردستان، بەسەر یەکەوە یەک ساڵی تەمەنی پڕ ناکەنەوە و ساڵانی منداڵی و هەرزەکاری و لاوێتی لە شام و سێ لە سەر چواری ساڵانی تەمەنیشی لە سویسرا بەسەربرد، لە گەڵا ئەوەشدا ئەو زۆر کورد بوو و هەمیشە لە هەوڵی کورد و کوردستاندا بوو. وانلی زیاتر لە نیو سەدەی تەمەنی بۆ خەبات لە پێناوی دۆزی کوردا تەرخان کرد.

عیسمەت شەریف وانلی لە بنەماڵەیەکی کوردی، بە ڕەچەڵەک باکوری، لە ۲۱ نۆڤەمبەری ساڵی۱۹۲۴ لە گەڕەکی کوردان (بۆ ئەوەی ناوی کوردی لێ بکەنەوە، شۆڤینیستان زیاتر ناوی گەڕەکی روکنەدینیان بە سەریدا سەپاند) لە شام هاتۆتە دونیاوە . بنەماڵەی باوکی محەمەد شەریف وانلی لە گوندێکی دەوروبەری وانەوە (گوندی ژڤیک) لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا هاتوونەتە شام (دیمەشق). کەس وکاری دایکیشی خەیریە عەبدوڵلا هەر لەو کاتانەدا لە ئامەدەوە هاتوونەتە شام .

خوێندنی سەرەتایی ، ناوەندی وئامادەیی لە شام (دیمەشق) تەواوکردووە. ئەو قوتابخانەی لێی دەخوێند لە یەن عادیلە خانمی خوشکی سەلاحەدینی ئەیوبییەوە لە سەدەی دوازدەی زانینییدا

بنیات نرابوو و ئەو زانیارییانە لە سەر دەروازەکەی نووسرابوو. وانلی هێشتا لە قوتابخانەی ناوەندی دەیخوێند کاتێ لە گەڵا هاوڕێ و هاوپۆلەکانیدا لە گەڕەکی کوردان یانەیەکی وەرزشی تۆپی پێی بە نێوی (یانەی کوردستان) دامەزراند .

هەر لە تافی هەرزەکاری ولاوێتیدا بە هۆی ئەوەی لە بنەماڵەکەی دیار بوو، لە گەڵا کەسایەتییە دیارەکانی ئەو سەردەمەی کورددا ئاشنایی پەیدا کردبووە وەکو : جەلادەت بەدرخان، مەمدوح سەلیم، قدری جەمیل پاشا، ئەکرەم جەمیل پاشا، نورەددین زازا وقەدری جان، لە بەیروتیش دەبێتە ناسیاو و دۆستی میر کامەران بەدرخان کە دوایی لە ئەوروپا بۆ دەمێکی درێژ بەردەوام دەبێ .

دوای تەواوکردنی قوتابخانە چووەتە بەیروت و دەستی بە خوێندنی ئەندازە کردووە، بەڵام دوای دوو ساڵ خوێندن لەو بوارە، لەوە دەگات کە ئەوە ئەو دونیایە نیە کە ئەو حەزی لێدەکات. هەر لەو کاتەدا چەند کۆرسێکی فەلسەفەشی لە کۆلێجی ئەمریکی، کە دوایی دەبێت بە زانکۆی ئەمریکی لە بەیروت خوێندبوو .

زۆر جار بە خۆی دەیگێڕایەوە کە هەر لەو کاتەوە زۆری حەزی لە زانستی مێژوو دەکرد وهەمیشە ئەوەشی دەوت کە بینینی محەمەد ئەمین زەکی بەگ ئەیلهامی زۆری پێ بەخشیوە بۆ ئەو حەز و خولیایە بۆ مێژوو .



لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٨ ڕوو دەکاتە سویسرا ولە ٢٩ نۆڤەمبەری ئەو ساڵەدا دەگاتە لۆزان. وادیارە گرنگترین ڕووداوەکانی ژیانی وانلی لە مانگی نۆڤەمبەردا بوونە. هاتنەدونیاوە (هەرچەندە دەیوت کاتێ گەیشتووەتە سویسرا و ڕۆژی لەدایکبوونیان لێ پرسیوە ئەو ڕۆژەی بە بیردا هاتووە، دەنا وەکو زوربەی کوردانی ئەو کاتە و دوای ئەوەش ڕۆژی ڕاستەقینەی لە دایکبوونی خۆی نەزانیوە) ، گەیشتنی بە سویسرا ولە کۆتاییدا کۆچی دوایی لە ٩ نۆڤەمبەری ٢٠١١ دا. لە لۆزان لە گەڵا نورەددین زازادا جارێکی تر یەک دەگرنەوە. زازا ڕۆڵێکی گەورە دەبینێ لە ڕێنمایی کردنی وهاندانی بۆ خوێندنی قانون لە زانکۆی لۆزان. بە سەرکەوتوویی خوێندن تەواو دەکات وبۆ زیاتر لە بیست وپێنج ساڵ، گەلێ جار لە تەک کاری سیاسی و نووسیندا، لە بەشی قانونی کۆمپانیایەک لە لۆزان کار دەکات .

هەڵبژاردنی لۆزان لە لایەن وانلییەوە بۆ خوێندن و دوای ئەوەش بۆ ژیان و کار چیرۆکێکی لە پشتەوە بوو. چەند جارێک ئەوەی گێڕاوەتەوە کە ئەو بە خەیاڵی هەرزەکاریی خۆی وای بیر دەکردەوە کە دەبێ لە لۆزان بژێ و هەوڵبدات پەیماننامەی لۆزان، کە کوردستانی کرد بە چوار بەشەوە، لە نێو ببات و هەوڵبدات بۆ ئەوەی پەیماننامەیەکی نوێ جێگەی بگرێتەوە، کە تێیدا دان بە مافەکانی کوردا بنرێت. لە واقیعدا ئەوە فەنتازیا و خەیاڵبلاوی ساڵانی گەنجێتی وانلی بوو، کە لە دواییدا بۆ خۆی بە پێکەنینەوە باسی ئەو خەون و فەنتازیایەی دەکرد .

لە ساڵی ١٩٥٦ لە تەک هەژدە قوتابی تری کوردا، کە لە ئەوروپا دەیانخوێند، کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردیان لە ئەوروپا دامەزراند. لە ساڵانی ١٩٥٨ بۆ ١٩٦٢ بە خۆی سەرۆکایەتی ئەو کۆمەڵەیەی دەکرد. هەر بە نێوی کۆمەڵەی خوێندکارانیشەوە لە ساڵی ١٩٦٠ بەشداریی لە کۆنگرەی قوتابیانی جیهان لە بەغدا کرد .

وتارەکەی لەو کۆنگرەیە، کە بە فەرەنسی بوو و تێیدا ڕەخنەی لە مادەی دووی دەستوری کاتی عیراق گرتبوو، دوای بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی خەبات هەڵایەکی گەورەی نایەوە و کێشەی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حکومەتی عەبدولکەریم قاسمی قووڵتر کردەوە و وانلیش لە عیراق بە زۆر دەرکرا. زۆر جار ئەوەی دەگێڕایەوە، کە ئەو ئەفسەرە عیراقییەی تا فرۆکەکە بەڕێی خستووە، ئامۆژگاری کردووە جارێکی تر سەردانی عیراق نەکات. بەڵام وانلی ئامادە نەبوو مل بدات بۆ ئەو ئامۆژگارییە. ئەو چەند جارێکی تر سەردانی کوردستانی بە نهێنی کردو و جارێکیش سەری لە عیراقی هەمیشە پڕ لە کارەساتدا و ئەنجامەکەی ئەوبوو خەریک بوو سەری تێدا بچێت.

وانلی دەستی لە مێژوو هەڵنەگرت و لە شەستەکان لە زانکۆی جنیف ماستەری لەو بوارەدا بەدەست هێنا و لە ساڵی ١٩٧٠ دکتۆرای لە مێژوو و سیاسەت لە زانکۆی لۆزان وەرگرت. تێزی دکتۆراکەی لە سەر دۆز و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بوو لە باشوری کوردستان. وەکو چالاکوانێکی سیاسی و نوێنەری شۆڕشی ئەیلول لە دەرەوە و ئاگادار لە ڕووداوەکانی ئەو شۆڕشە و نهێنییەکانی، دکتۆرنامەکەی واتای خۆی هەیە لەو بارەیەوە وکارێکی باشە کە خەریکن وەریدەگێڕن و بڵاوی دەکەنەوە. لە سەر پێشنیاری دکتۆر کامەران بەدرخان عیسمەت شەریف وانلی بۆ ماوەیەک مامۆستای مێژوو و کولتوری کورد بوو لە سۆربۆن .

لە ٧ ئوکتۆبەری ١٩٧٦ پیاوکوژانی بەعسی عیراق هەوڵی تیرۆرکردنیان دا و لە ماڵەکەی خۆی لە لۆزان بە سەختی برینداریان کرد. ئەو پیلانەی بەعسییەکان بە هۆی ئەو ڕاپۆرتەوە بوو، کە وانلی و وەزیرە جەزائیرییەکەی هاوڕێی لە بارەی سیاسەتەکانی حیزبی بەعسەوە لە باشوری کوردستان لە دوای نسکۆی ١٩٧٥ بڵاویان کردەوە. ڕاپۆرتەکە ئەنجامی سەردانی لێژنەیەک بوو، کە لە خۆی و وەزیرێکی پێشووی جەزائیر و کابرایەکی سویسری پێکهاتبوو، بۆ عیراق و چەند دەڤەرێکی کوردستان لە هاوینی ١٩٧٥دا .

ڕقی بەعسییەکانی سوریاش لە عیسمەت شەریف وانلی لەوانەی عیراق کەمتر نەبوو و ئەوانیش فەرمانی لە سێدارەدانیان لە دژی دەرکردبوو.

وانلی زمانی فەرەنسی، عەرەبی، ئینگلیزی بە ڕەوانی دەزانی و لە تەمەنی حەفتاساڵیشدا دەستی کردبوو بە فێربوونی زمانی کوردی ، هەرچەندە زۆر بە باشی فێری نەبوو. ئەوەی بەلامەوە سەیر بوو وانلی، کە زیاتر لە شەست ساڵی تەمەنی لە ئەوروپا بە سەر بردبوو و کارمن خانمی هاوسەری خانمێکی سویسری فەرەنسی زمان بوو ، هەمیشە دەیگوت برادەری ئەوروپاییم زۆر کەمن و لە دەرەوەی کار و کۆڕ و کۆنفرانس ئەوەندە لە گەڵیان هەڵناسم ودانانیشم و دڵم هەر بە کۆڕ و مەجلیسی کوردان دەکرێتەوە، هەرچەندە ڕەخنەی جددیی هەبوو لە سەر گەلێ نەریتی ناحەز و بارودۆخی کولتوری و سیاسی و ڕۆشنبیری کوردی.

لە سەرەتای شەستەکاندا ولە دوای بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلول (کۆمیتەی پاراستنی مافی گەلی کوردی) لە سویسرا دامەزراندبوو. لە ساڵی ١٩٧٨ یشدا لە تەک کۆمەڵێ کەسایەتی کوردی پارچەکانی کوردستاندا هەوڵی دامەزراندنی پارتێکی کوردستانیان دا، بەڵام بە هۆی باری سیاسی ئەو سەردەمەی کوردستانەوە ئەنجامێکی ئەوتۆی لێ نەکەوتەوە. ساڵی ١٩٨٥ (یەکێتی مافناسانی کوردی لە ئەوروپا) لە گەڵا کۆمەڵێ پارێزەردا دامەزراند. ساڵی ١٩٩٥ بوو بە سەرۆکی (ئینستیتوتی بەرلین بۆ زانست ولێکۆڵین) و لە هەمان ساڵیشدا بە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری (پارلەمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات) هەڵبژێردرا. لە نیوەی دووەمی نەوەتەکاندا سەرپەشتی پرۆژەیەکی تری نەتەوەیی کرد، ئەویش پرۆژەی ئینسکلۆپیدیای کوردستان بوو لە گەڵا کۆمەڵێ

سەرچاوە
Serchawe

پسپۆر و شارەزای کورد و کوردناساندا. مخابن دوای هەوڵ و کۆششێکی زۆر خەرجی ئەو پرۆژەیە دەستەبەر نەکرا لە ڕێگەی یۆنیسکۆ و فۆندی کولتوریی ئەوروپاوە. زۆری پێخۆش بوو کە پێشنیاری ئەوەم بۆ کرد ئەم پرۆژەیە ببەینەوە بۆ کوردستان بە تایبەتی دوای ئەوەی لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٦ دا گەڕامەوە بۆ کوردستان. بێ یەک و دوو پێمی وت: گرنگ ئەوەیە ئەو بۆ پرۆژەیە بۆ کورد و کوردستان ئەنجام بدرێ و هیچ گرنگ نیە ئێمە بیکەین یا کەسانی تر. بە خۆشحاڵییەوە لە ئەکادیمیای کوردی دەستمان بەو کارە کردووە و لە بەرنامەماندا بوو پاییزی ٢٠١١ بانگهێشتی بکەین بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری کارکانمان بێت لەو پرۆژە نەتەوەییە گرنگە، مخابن مەرگ دەرفەتی نەدا ئەو سەردانە بکات کە زۆر مەبەستی بوو. ساڵانی ١٩٩٩ – ٢٠٠٣ بە سەرۆکی (کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان) هەڵبژێردرا و نووسەری ئەم چەند دێڕەش شەرەفی ئەوەی هەبوو هەم لە پارلەمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات لە تەکیدا کار بکات و هەم لە کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان جێگری بێ و لە پرۆژەی ئینسکلۆپیدیای کوردستانیش هاوکاری یەکەمی بێت .



عیسمەت شەریف وانلی لە نێوڕاستی شەستەکانەوە ئەوەی ڕاگەیاندبوو کە ئۆتۆنۆمی دادی کورد نادات و پێویستە کورد داوای دەوڵەتی فیدیرالی دیموکراتی بکات، مادام ناتوانێ دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆی خۆی دابمەزرێنێ . ئەمەی بە روونی لە تێزی دکتۆراکەی لە ساڵی ١٩٧٠ خستۆتە روو. لە دوای روخانی رژێمی بەعسیش لێکۆڵینەوەیەکی فراوانی لە سەر سیستەمی فیدیرالی و دەستوری عیراق ئامادە کرد و من کردم بە کوردی و بڵاو کرایەوە .

وانلی تا بڵێی پیاوێکی ئیشکەر بوو، لە کارکردن وەرس نەدەبوو، رۆژانە زیاتر لە دە سعات خەریکی نووسین و خوێندنەوە بوو . لە سەدان کۆنفرانس و کۆبوونەوە و سیمپۆزیۆمدا بەشداری کردووە و داخوازییەکانی کوردی خستۆتە ڕوو . لە سەر داخوازی مافی کورد زۆر توند بوو و ئامادە نەبوو نەرمی بنوێنێ وسازش بکات .

لە ژیانی خۆیدا گەلێ کەسایەتی و سەرکردەی کوردستانی وجیهانی بینیبوو. بێجگە لە سەرکردەکانی بزاڤی سیاسی و ڕۆشنبیری کوردی لە چلەکانی سەدەی ڕابردووەوە تا دەسپێکی ئەم سەدەیە لە هەرچوار پارچەی کوردستان، عەبدولکەریم قاسم، خومەینی، قەزافی، پاپای ڤاتیکانی پێشوو و گەلێ لە سەرکردەکانی ئیسرائیلی بینیبوو. کەسایەتییە سیاسییەکانی ئەوروپا زۆریان عیسمەت شەریف وانلیان دەناسی و ڕێزیان لێدەگرت.

کاتی خۆی زۆر هەوڵم لە گەڵیدا بیرەوەرییەکانی بنووسێتەوە. هەمیشە دەیوت کاتم نیە. جارێک ڕێککەوتین کە من کۆمەڵێ پرسیاری بۆ بنێرم ئەو وەڵامم بداتەوە. کاتێ پرسیارەکانم بۆی نارد وتی ئەمە پێویستی بەوەیە کتێبێک بنووسم. لە کۆتاییدا لە پرۆگرامێکی تەلەفزیۆنیدا بە ناوی (بۆ مێژوو) ، کە بۆ میدیا تیڤی ئامادەم دەکرد چاوپێکەوتنێکی پێنج کاتژمێریم لە گەڵیدا بە زمانی عەرەبی ئەنجامدا. بەشی زۆری بیرەوەرییەکانی لەو پرۆگرامەدا گێڕایەوە و لە کاتی خۆیدا لەو تەلەفزیۆنە بڵاو کرایەوە. هەر بۆ ئەنجامدانی ئەو پرۆگرامەش ژمارەیەکی زۆر وێنەی دەگمەنی پێشکەش کردم، کە هەندێکیانم لە کاتی خۆیدا بڵاوکردەوە و ئەوانی تریشیان لە داهاتوودا بڵاو دەکەینەوە. سەرباری ئەوە لەم پازدە ساڵەی دوایی تەمەنیدا هەرچی شتێکی نووسیبێ دانەیەکی لێی بۆم ناردووە وژمارەیەکی زۆر نامە گۆڕینەوە لە نێوانماندا هەبووە، هیوادارم لە داهاتوودا دەرفەت هەبێ بڵاویان بکەمەوە .

لە ٩ نۆڤەمبەری ٢٠١١ لە کاتژمێر چواری سەر لەبەیانیدا لە تەمەنی ٨٧ ساڵیدا لە شاری لۆزان کۆچی دوایی کرد. وانلی تەنها کوڕێکی هەیە کە ناوی سیامەندە .

پرۆفیسۆر وانلی ژمارەیەکی زۆر وتار ولێکۆڵینەوە بەرهەمی زانستی بە فەرەنسی ، ئینگلیزی، ئەڵمانی و عەرەبی بڵاوکردۆتەوە وبەشێک لە نووسینەکانی کراون بە کوردی، تورکی، ڕووسی و فارسی . سڵاو لە روحی پاکی وانلی و هەمیشە لە یادماندا بە زیندوویی دەمێنێتەوە .

(*) ئەم وتارە لەو بۆنەیەدا پێشکەش کرا کە ئەکادیمیای کوردی بە بۆنەی کۆچی دوایی عیسمەت شەریف وانلییەوە سازی کرد

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان ٢١ نێت

================================================================================

# چاوخشاندنێکی کورت بەسەر مێژووی خەباتی ژنانی ڕۆژهەڵات

مونا دڵبەری:

## ڕۆژهەڵاتی کوردستان :

بۆژنانی ئێران چالاکی سیاسی ، هێمای زیاتر لە سێ دەیەیە خەبات لەگەڵ ڕژێمی دژە ژن و تۆتالیتێرییە ، کەبەپێشێلکردنی مافەکانی ژنان ، بنەماکانی دەسەڵاتی بەهێزکردووەو لەیەکەمین ڕۆژەکانی بەدەسەڵات گەیشتنی ، بەهێرشکردنە سەر مافەکانی ژنان و پەسەندکردنی یاسای دژە ژن و دواکەوتووەکانی، سیمای دزێوی خۆی ئاشکراکرد . بەردی بناغەی ڕژێمی ئیسلامی لەئێران بەپەسەندکردنی یاساکانی هەڵاواردن دانراوە . ژنان بەردەوام قوربانیانی سەرەکی هەژاریی ، بێکاریی ، لەشفرۆشی ، هەڵاوسان و گرانی ، ئێعتیاد و باقی کێشە کۆمەڵایەتییەکانن لەئێراندا و ئێستاش بەپەراوێزکەوتنی زیاتر ڕژێمی ئیسلامی لەئاستی نێودەوڵەتی و ئابلۆقە بەربڵاوەکان دژی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئەم ڕژیمە، قەیرانی ئابوریی زیاتر لەهەرکاتێک کاریگەری لەسەر ژیانی خەڵک بەتایبەت ژنان داناوە، و ئەوانی کردوەتە بێبەشترین توێژی کۆمەڵگا . ئێرانی ئیسلامی بۆ ژنان زیندانێکی گەورەیە ، کەدیوارەکانی بەڕزیوترین یاسای کۆیلەتی قایمکراوە . سەرەڕای ئەمە بزوتنەوەی ژنان لەماوەی دەسەڵاتی ئەم ڕژیمە ، بزوتنەوەیەکی خۆڕسک و چالاک و خۆڕاگر بووەو لەهەموو ناڕەزاییەکان دژی کۆماری ئیسلامی چالاکانە بەشداربوون و پاڵپشتێکی گرنگ بۆ باقی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران بوون و هەن . ئێستا بۆ هەموو جیهان ئاشکرا بووە، کەلەودیو دڕندەیی ڕژیمی ئیسلامی دژی ژنان، چ خەباتێکی بەتین لەلایەن ژنان و پیاوانی ئازادیخواز لەئارادایە و سەرەڕای سیستمی دژە ژنی کۆماری ئیسلامی، ژنان

سەرچاوە
Serchawe

لەهەموو گۆڕەپان و بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی پێگەیەکی گرنگیان بەدەستهێناوە. بزوتنەوەی ژنان لە ئێرانی ئیسلامی بووەتە یەکێک لەبەهێزترین بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، بوونی دەیان کەس لەژنانی خەباتکار، لە پارێزەر و ڕۆژنامەنوس تاخوێندکار و هەڵسوڕاوی کرێکاریی لە زیندانەکان، نیشانەی بەشداری بەربڵاوی ژنان لەخەباتی ئەمڕۆ و سبەینێی کۆمەڵگای ئێرانە.



بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ژنان سەرەڕای دەسەڵاتی ڕژێمی ئیسلامی، بەخەباتی خۆی بناغەیەکی پتەوی دروستکردوە، کەهەموو ئاماژەکان دەرخەری ئەو ڕاستییەن، کەلەگۆڕانکارییەکانی داهاتووی ئێراندا دەبێتە بەهێزترین بزوتنەوەی سیاسی، و کاریگەرییەکانی تا ئەو دیوو سنورەکان دەڕوات.

لەکوردستانیشدا، ژنان لەچەند دەیەی ڕابردوو بەشدارییەکی بەرینیان لەهەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی، کولتووری، سیاسی و خەباتدا بووە و پێگەیەکی دیاریان دەستەبەرکردوە. بەشداری بەربڵاوی ژنان لەبزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لەزیاتر لەسێ دەیەی ڕابردوو و فیداکاری و لەخۆبردوویی و بەرخۆدانی ئەوان لەسەنگەری خەبات، یارمەتیدەریان بووە تائەزمونگەلێکی پڕ بەها بەدەستبێنن و بەبێ هیچ دوو دڵییەک و ماندوونەناسانە دژی ڕژێمی ئیسلامی خەبات بکەن. ژنانی کوردستان لەیەکەمین قوربانیانی زیندان، ئیعدام، ئەشکەنجە و دەستدرێژی لەسەرەتای هاتنە سەرکاری ئەمڕژێمە بوون و لەسەنگەرەکانی خۆڕاگری گەلی کورد لەزیندانەکان و لەخەباتی چەکدارانە چەندین حەماسەیان خولقاند و قارەمانانە فیداکارییان کردوە. بەشداری ژنانی کورد لەبزوتنەوەی سەراسەری ژنانی ئێران بەرچاوتربووە و لەخەبات دژی دیکتاتۆری ئەمڕژێمە لەڕیزی پێشەوە بوون.

**لەماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا، فیداکاری، خۆڕاگری و خەباتی نەوەیەک لەژنانی خەباتکار، لەپێشیشیانەوە ژنانی چەپ و سوسیالیست بەسەر نێوچاوانی بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردستاندا دەدرەوشێتەوە.**

ژنی کورد لەبن دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا ئەزموونێکی بەدرێژایی زیاتر ڵە سێ دەیە پڕ لەخەبات و هەڵسوکەوتی هەیە.. ژنی کورد لە هەردوو لایەنی خەباتی نەتەویی و فێمنیستییدا دەوری بەرچاوی هەبووە.، ژنی کورد هیزی هەمیشەیی بەرامبەرکێ لەگەڵ هیزەکانی حکومەت بووە. لەکاتی بردنی ڕۆڵەکانیان ۆو سەربازیی زۆرەملێ، بۆ شەڕی ئیران و عیراق، هێزێکی بەرگری بوون لەبەرامبەر هیرشی داگیرکەرانەوە بۆ سەر ماڵ و حاڵیان، هیزی پشتیوانی پێشمەرگە بوون لەمەڕ دابین کردنی پێداویستییەکانی شۆڕش لەکوردستاندا بەبەشی سیاسی و نیزامییەوە.. هەموو ڕۆژێک و ساتێک کەوتنە بەر شاڵاوی هیزەکانی حوکومەتی دیکتاتۆری دینی و هەموو بوارەکانی ژیانی بنەماڵەیی و کۆمەڵایەتیشیان کەوتە بەر سەرکوتی قانونی پیاومەزنی و یاسای کۆنەپەرستانەی شەرعی و تەنانەت لەشیشیان و بوون و تێکوشان بۆ ڕزگار بوون لەنێو نەسلی ئەمرۆی ژنی کورددا گەشەی کردووە. ژنی شاعیر، نووسەر، هونەرمەند وسیاسەتمەدارمان کەم نین. بزووتنەوەی ژنان بووەتە هێزێکی ڕخنەگر و خوازیاری پێکهینانی ئاڵوگۆڕ. ئەمقەبووڵ نەکردنە بۆ هێزی ژنان هەوێنی سەرکەوتنە ژنی کورد هاوکات لەگەڵ تێکەڵاوی و ماندوو بوون لەجوولانەوەی نەتەوەییدا، بۆ ڕزگاری خۆشی تێکۆشاوە. وا وێ دەچێت، کەتەنانەت خەباتی بەهێزی ڕزگاریخوازانەی نەتەویی کەمتر توانیویەتی هەوڵدان بۆ ڕزگاری ژنان بخاتە پەراوێزەوە. ئەمە بنەمایەکی باشە بو ئازادی زۆرتری ژنان و بۆ سەربەخۆیی زیاتری بزاڤەکەیان لەداهاتووی ئاڵوگورەکاندا.

ماوەی زیاتر لەسێ دەیەی ڕابردوو بۆ ژنی کورد زیاتر لەسی ساڵ ئەزموونی پڕ بایەخ بووە. ئەگەر چی لەلایەکەوە دەسکەوتی زۆرمان لەبواری ڕۆشنبیری و هۆشیاری فێمنیستی بەدەست هێناوە، بەلام لەلایەکی دیکەوە لەگەڵ ڕێژەی زۆری خۆسووتاندن و نائومێدی ژنان و بگرە دەستدرێژی جنسی بۆ سەر یان و پاشان کوشتنیان و فرێدانیان ڵێرە و لەوێ ڕووبەڕوو بووینەتەوە. پێش هەموو کارێک لێکۆڵینەوە و تێکۆشانی بێوچان بەمەبەستی پەردە هەڵدانەوە لەسەر ئەمدیاردە دڵتەزێنانە، ئەرکی سەرشانی ئێمەی ژنان و پیاوانی بەدەربەست و ئازادیخوازە کەهەڵسوڕانێکی هۆشیاری بەخش لە پێناو بنەبڕ کردنی ئەمدیاردانەدا بەڕێوە بەرین، بەمێتۆدی شیاو و کاریگەر پێوەندی نیوان ڕۆشنبیری ژن و ژنانی زەحمەتکێش و بێدەرەتان پێک بێنین. ئەمە سەرەکیترین هۆکاری سەرکەوتنی بزووتنەوەکەی ئێمەیە. هەوڵبدەین بۆ فێر بوونی زۆرتر، یەکگرتوویی و هاودەنگیی زۆر زیاتر لەهەموو کاتێک. هەرچی خێراتر هەوڵبدەین بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتووی ژنان بە پلاتفۆرمی هاوبەشەوە. داخوازییەکانمان لای خۆمان و بۆ دەسەڵاتدارانیش ڕوون و داپینکراو بێت. ئەمکارە مەرجی سەرەکییە بۆ بەرامبەرکێ لەگەڵ هەر هێز و لایەنێک کە بیهەوێ ژن بێدەسەڵات بکات یان حەقی بفەوتێنێ. هەروەها نابێ بهێڵین ژن و بزووتنەوەی ژنان بە هیچ بیانوویەک ببێت بە پاشکۆی جووڵانەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە. ئەزموونی جووڵانەوەی جیهانیی ژنان ئەمڕاستییەی پێ سەلماندووین کەلەدنیای سیاسەتدا ئەگەر بە داخوازی لانی کەم قەناعەت بکەین و تەنیا پاشکۆی شۆڕشە سیاسییەکان بین و داخوازی شەفاف نەهێنینە ئاراوە، هەر وەکوو ڵە پێشوتریشدا وامان کرد، جارێکی دیکەش بەئاسانی دەمانگەڕێننەوە ناو ماڵەوە. هەر لەئێستاوە دەبێ پێش بەدووپات بوونەوەی ئەمئەزموونە مەنفییە بگرین. ئەگەر چی لەو بڕوایەدا نین کەژنانی هۆشیار و سەربزێوی کورد مەودا بدەن و بهێڵن مێژوو لەم بارەیەوە دووپات ببێتەوە.

## خەباتی چەکداری :

ئەنجامی پێچەوانەی ڕاپەرینی خە ڵکی ئێران لەساڵی ( ۱۳۵۷ )ی هەتاویدا و هێرش و پەلاماری چەکدارانەی ڕژێمی کۆنەپەرستی ئێران بۆ سەر ماف و ئازادییەکانی کورد کە بەرەو ڕووبوونەوەیەکی گشتی ڵەلایەن کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە بەشوێنەوە بوو، خاڵی بەهێزی چەکدار بوونی ژنی کورد توانی خرۆشی تایبەت بەمخەباتە ڕەوایە ببەخشێت. پەلاماری چەکدارانەی ڕژێمی ئایینی هەرگیز چاوی ئەمتوێژەی لەخەبات و تێکۆشان نەترساند و بە پێچەوانەوە ژنی ئەمجارەی کورد بەداهێنانی خۆی ڕاستەوخۆ تاوی دایە چەکی پارێزگاری لەماف و ویست و داخوازییەکانی و کۆمەڵ کۆمەڵ لەناو ڕیزەکانی پێشمەرگایەتیدا ڕێکخران و بەشدارییان لە شۆڕشی خە ڵکی ئازادی خوازی کوردستاندا کرد.

یەکێک لەو ڕێکخراوە سەرەکییانەی ناو بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کۆمەڵەیە، کۆمەڵە وەک ڕەوتێکی چەپ لەکوردوستاندا بوو، کەلەشۆڕشگێرانەدا لەگەڵ ڕاگەیاندنی هەڵسوڕانی ئاشکرای خۆیدا بڕیاری ڕێکخستنی ژنانی کوردی لەناو ڕیزەکانی خۆیداو ئەمبڕیارەش لەڕووی لێکدانەوەیەکی سیاسی و واقیعی بوو، کە پووتانسیلی بزووتنەوەی کوردی باشتر دەردەخست، بڕیارێکی لەو چەشنە ئازایەتی

سەرچاوە
Serchawe

و بوێری سیاسی خۆشی گەرەک بوو،چونکە دەست بردن بۆ بابەتێکی لەوچەشنە زۆر ئاستنگی بەربڵاوی لەسەر ڕێ بوو، بەڵام نەشدەکرا وا بەسانایی پشت لەو ووزە، بەهرە و توانایانە بکرێت و نەدەگونجا بەهۆکاری خۆ پاراستن لەتێکوپێکدانی هێندێک یاسا و ڕێسای کۆمەڵایەتی و کولتووری لەو هێزە کەڵک وەرنەگیردرێت، لەو قۆناغەدا ڕەنگبێ چاوەڕوانی ئەوە، کەژنانی کورد بەو ڕێژە بەرفراوانە بەشدارییان لە شۆرشی چەکداریدا کرد چاوەڕوانییەکی دوور دەست تر بووبێ، بەڵام بەپاڵپشتیی ئەمبڕیارە بوو کەبۆ یەکەم جار ژنی کورد دەبێتە پێشمەرگە و دەیسەلمێنێت، کەلەچەک هەڵگرتن و خەباتی چەکداریشدا پێشەنگە و لەئازایەتیدا کەمناهێنێت، چوونکە ئیرادەی پۆڵایینی خەبات و بەرخۆدانی تێدا بەهێز بوو، ڕاستیەکانی مێژوویی لەو پەیوەندییەدا زۆر بەڵگەمان بۆ دەردەخەن و دیاردەی ئازایەتی ژنی کوردمان بۆ دەسەلمێنن. دیاردەی بەشداریی لەخەباتی چەکداریدا لەڕوویەکەوە بەرگری ئازایانەی ژنانی کورد لەنەتەوەکەیان بوو، و لەڕوویەکی تریشەوە خۆ سەلماندنی ژن بۆ ویستی بەرابەری لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەری بوو ئەمەش فاکتەری بەهێز و نوێ بوو، کەتەنیا نموونەیان دەتوانین لەشۆرشە پیرۆزی گەلی ڤێتنام و بەربەرەکانی ژنانی جیهان لەبەرانبەر نازیسم و فاشیزمدا لەسەردەمی شەری دووهەمی نێو دەوڵەتی بدۆزینەوە.

لەقۆناغی بەرگری چەکداریدا ژنانی کورد سەلماندییان کەدەتوانن پێشمەرگە بن و باری فیزیۆلۆژی ناتوانی بەربەستی هەڵسووران و تێکۆشانیان بێت، نەریت و کۆمەڵگا و یاساکانی ناکرێت بەر بەداهێنانیان بگرێت. لەو قۆناغەدا سەلماندیان کەدەتوانن سەرەرای زۆر بەربەست و ئاستەنگی سەر ڕێیان بوونی خۆیان وەک پیاو بسەلمێنن و لەگەڵ ئەوەشدا، کەپترین گوشاری ئایین، کۆمەڵگا و نەریتیان لەسەر بوو، بەڵام هەمدیس بەداهێنانەکانیان بەرەورووی هەرچەشنە کۆنەپەرستییەک ببنەوە و گشت قورسایەکانی بەرپرسایەتیی مێژوویان بەدڵەوە وەربگرن و لەخەباتکردن دانەمێنن و ببنە سەمبوولی خۆراگری و هاندەری شۆرشی خەڵکی شۆرشگێری کوردوستان.

دەوری کاریگەری ژنانی کورد لەو قۆناغە هەستیارەدا لەبەراوەرد لەگەڵ هەموو بزووتنەوەی کورد دەورێکی جیاواز تر بوو، چونکە بەربەرەکانی لەبەرانبەر زۆرداریی کۆماری ئیسلامی، کەبەپێشکەوتووترین تەداروکاتی لۆجستیکی بەرە و شەری کوردستان هاتبوو و بواری جوغرافیاییی ناوچەکە و خۆ ڕێکخستنی ژنی کورد لەتەک شاخ و سەنگەر هەرچی پتر بوونی ژنی کوردی وەک مرۆڤێکی بەهێز و شۆرشگێر سەلماند و شوناس و کەسایەتی گرینگی پێیان و بەبزووتنەوەکەیان بەخشی و بەوریایی و هۆشیارییان کۆمەکی شایانیان بەخۆراگری کورد کرد.

ماوەتەوە بڵێین کە: گەیشتن بەدەسەڵات بۆ ژن، ئەویش لەکۆمەڵگایەکی پیاو مەزنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە نێو میللەتیکی بندەستدا، کارێکی هاسان نییە. ژنان دەبێ بۆ ئەممەبەستە هەموو یان زۆربەی کۆسپە فیکری و ئەخلاقییەکان بڕوخێنن و نیشانی بدەن، کەدەتوانن بڕیار بدەن و ڕێبەری بکەن. بۆ هەموو کارێک بەچەن قات زۆرتر لە پیاوان هەوڵبدەن تابیسەلمێنن شیاوی ئەوەن کەداوای دەکەن.

دیارە هەوڵدانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لەگەڵ هەموو کەم و کورێکانیان بەگشتی کاریگەری موسبەتی لەمەڕ ڕاو بۆچوونی کۆمەڵگا دەبێت و جێی خۆیەتی کەژنان چاکسازییەکی جیدی لەمبوارەدا بکەن بەداوایەکی ئاشکرا لەهەموو حیزبەکان، بەڵام گرینگتر ئامادە بوونی ژنان خۆیانە بۆ بەشداری لەوەئەستۆ گرتنی ئەرکی ڕێبەرایەتی نەک هەر تەنیا لەنێو حیزبەکاندا بەڵکو لەبەڕێوەبردنی ئەرکی کۆمەڵایەتی، سیاسی و هەروەها بووارەکانی دیکەشدا.

بزووتنەوەی ژنان لەکوردستانی ڕۆژهەڵات دەبێ لەتێڕوانینی بۆ داهاتووی دەسەڵات لەمبەشە لەکوردستان بەلەبەرچاو گرتنی ئەزموونەکانی کوردستانی باشوریش، بۆجێ خستنی فەرهەنگی یەکسانیخواز و مۆدێرن و هەروەها بۆ بڕوا بەخشین بەبزووتنەوەی سەرکوتکراوی ژنان، داخوازی گەورە بهێنێتە گۆڕێ و بەکەم ڕازی نەبێت. ئەمەش ناواقیعی نییە. نزیک بە (٣٥) ساڵ تێکۆشان و قوربانیدان وێڕای چوونە سەری رادەی وشیاری ژنان بەگشتی کەدەسکەوتێکی مەعنەوییە و هەروەها هاتنە مەیدانی نەسلێکی تێگەیشتوو و یەکسانیخواز ڕووناکبیر و هەروەها ڕۆژنامەنووس، کەرەسەی پێویستی ئەمگورانکارییە.

ئەمنەسڵە لەئەگەری هاتنە پێشی ئاڵوگۆڕەکاندا زەحمەتە چی دیکە خۆی بەشارۆمەندی پلە دوو، بێدەسەڵات و چاو لەدەست بزانێت و گوێڕایەڵی یاساکانی سیستمی پیاو مەزن و نەریتی ئایینی و کۆن بێت.

لەماوەی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیدا ژنان لەزۆر پایە و پلەی پیشەیی و دەسەڵاتداری بێبەش کراون و بەهۆی ئەمبێبەشییەوە کەلێنێکی زۆر لەباری لێزانی لەسەرپەرشتی کاری کۆمەڵایەتی و مودیرییەتەوە کەوتۆتە نێوان پیاو و ژنەوە. ئێمە شاهیدین، کەسەرەڕای هەموو هەوڵ و تەقالای چالاکانی بواری مافی ژنان لەکوردستانی باشوور و بوونی ژنانی پسپۆڕ و لێهاتوو لەزۆربەی بوارەکاندا، ڕێژەی هێزی ژنان لەدەسەڵاتدا بەرچاو نییە. لەسەرکردایەتی هیچکام لەحیزبەکاندا، ژن ئەندام نییە، لەبەڕێوەبەریی دەزگا ئیدارییەکاندا وەکو کارخانە، زانکۆ، شارەوانییەکان و ئیدارەی ئوستانەکاندا ژن یان هەر نییە یان زۆر کەمە. هێشتا لەپاش ڕاپەرینەوە لەتەمەنی حوکومەتی هەرێم تەنیا چەند ژنێک توانیویانە بگەنە پلەی وەزارەت. ئەم نموونانە نابێ ببنە مۆدێلێک بۆ داهاتوو، بەڵکو بەپێچەوانە وەکو هاندەرێک بۆ هەوڵی باشتر لەپێناوی ڕیفۆرمی یەکسانیخوازانەدا کەڵکی بەنرخی لێوەر بگیرێت.

سەرچاوە : ماڵپەری قەڵادزی / ٧ی ئەیلول ( سیپتامبر) ٢٠١٢

================================================================

## (مەلای گەورە ) شاعیرێک لە ترۆپکی داهێنان و نوێگەری دا

حەیدەر عەبدوڵڵا

شیعر ، ژەنینی خەمەکانی گەردوونە بە تەلەکانی خۆشەویستی، دەربڕینی ناسۆرەکانی مرۆڤە بە زمانی شکۆفە، شیفایە بۆ زامە بەسوێکان. سازاندنی زەمینەی ڕەخنەسازییە بۆ ژیانێکی دوور لە نامۆ بوون و کۆنەپەرستی، شیعر راستکەرەوەی هەڵەکانە، پاککەرەوەی پەڵەکانە. گەر شیعر نەبوایە ئازارەکان پەنگیان دەخواردەوە، مرۆڤەکان ناخیان پڕ دەبوو لە کینە، پاشان بستێک زەوی نەدەما بە سۆز داڵدەماندا. شیعر ئاوێنەیەکی روون و بێ گەردە، هەقیقەتی شتەکان بێ کەم و زیاد وەک خۆی دەردەخات، ڕێنمایی و مەشخەڵە بۆ کەسە لار و لاسارەکان، سەرزەنشت و هاوار و ناڵەی شیعر تەنها بۆ خۆشنوودکردنی مرۆڤەکانە. شاعیری ئیتالی دانتی دەڵێ:" شاعیران پزیشکی ئەندێشە و خەیاڵن، پادشای خورافەن، چارەسەر بۆ هەموو نەخۆشێک دادەنێن بەڵام خۆیان بێ چارەسەرن". دەکرێ بڵێین بە پێچەوانەوە مەلای گەورە دژی خوراڤە و وەهم خەیاڵی پوچ بوو، زۆر رقی لە بێ کاری و تەمبەڵی بوو، لەم بارەوە شیعری زۆری نووسیوە، ڕەخنەی توند لەو کەسانە دەگرێت کە لە بەرگی دینەوە خۆیان لە خەڵکی زەوی دابڕیوە، بەڵام سەبارەت بەوەی شاعیران هیچ چارەسەرێک بۆ خۆیان دانانێن ئەمەیان کت و مت لەسەر مەلای گەورە جێبەجێ دەبێت، ئەو

هەموو شین و ڕۆرۆیەی مەلای گەورە بۆ خانووی خۆش و پارە و پوول نەبوو، بەڵکوو بۆ شادبوونی نەتەوەکەی بوو بە مافە ڕەواکانی خۆی و دەرهێنانیان بوو لە خوارفەپەرستی، وەک شاعیر دەڵێ:

گەورە ئەوەیە شێوەی شەمعی بێت
بۆخۆی بسوتێ و نەفعی جەمعی بێت

شاعیر و وێژەوانان هەوڵ و کۆششێکی زۆریان خستەگەڕ بۆ ئەوەی دواینترین و جوانترین پێناسە بۆ شیعر بکەن، تاکو لە دواییدا هەموو ئەدیب و شاعیر و شیعر دۆستێک بەم پێناسەوە پەیوەست بکەن، بەڵام نەگەیشتنە ئاکام و فەشەلیان هێنا، چوون شیعر بەچکەی فیکری مرۆڤە، ئەو شتانەی لە بارەشیەوە گوتراون هەموو وێنای کەسین و ناچنە نێو چوارچێوەیەکی فەرمی بۆ پێناسەی شیعر. هەرچەند مەلای گەورە لە ژێر کاریگەری شاعیری نەتەوەیی حاجی قادری کۆیی بووە، بەڵام تەواوی فۆرم و رووخسار و ناوەرۆکی شیعرەکانی جیاوازە لە شیعرەکانی حاجی کۆیی، شیعرەکانی مەلای گەورە وەک دۆڵمە بە زانست و حیکمەت و ئامۆژگاری هەڵپێچراون. ئەو، شاعیرێکی تورەیە، بەڵام تورە لە چی؟ لە خوارافات، لە تەمبەڵی، لە شێخۆلکە و کۆلکە مەلا، لە خۆ بەزانازانی نەزان، لە بەرواڵەت دیندار و دینفرۆشەکان، لە وانەی ڕقیان لە نیشتیمانە، لەوانەی دوژمنی ژیانن، لەوانەی قەدری پێشکەوتن نازانن، لەوانەی لە جیاتی خودا پەرستی خەریکی خۆپەرستین.ئەو بێ پەروا و بوێرانە پەیامی زانست و ئەدەبی خۆی ڕاگەیاند، هەرچەند کۆمەڵ و کۆمەڵگە بوونە بەربەست لە ڕێگەیدا بەڵام ئەو بە زانست هەموو بەربەستە خوارافاوی و نەریتە رزیوەکانی ورد و خاش کرد و هێندەیتر جەسوور بوو. هەرکەسێک شیعرەکانی جەنابی مەلای گەورە بخوێنێتەوە بۆی دەردەکەوێت، کە لە بن هەموو پیت و وشەکانی شۆڕشێکی گەوەرە خۆی مەڵاس داوە. لە شیعرەکانی دا غاندی ئاسا ئامۆژگاری میللەتەکەی دەکات و لە سەر کار و کرداری دزێویش سەرکۆنەیان دەکات، جاربەجاریش لێیان بێ ئومێد دەبێت:



من یەخەی خۆم لە بۆیە دائەدرم
ئێوە نابن بە هیچ و من دەمرم
دەبی کەیفی چیم بە دنیابێ
قەومی من وا رەزیل و ریسوا بێ

مەلای گەورە دڵخۆش نیە بە دنیا، چونکە گەلەکەی ئەو هیشتا نەبوون بە هیچ، خەمی ئەو خەمی نەتەوەیە، خەمی کیان و کەینونەی کوردە، خەمی دواکەوتوویی کوردیەتی، گریان و فیغانی ئەو بۆ دۆزی نەتەوەیەکی چەوساوە و ژێر دەستە، کە دووژمنانی هێندە چالاک و چەلەنگن، کەچێ ئەوان نەزان و بێ دەنگن:

هەتا دەمرم لە بۆ کوردان دەناڵم
عیلاجیان چۆن بکەم هاوار بەماڵم
کەسێ قەدری لای خزمان نەمێنێ
لە لای بێگانە قەدری چی دەمێنێ؟
لە عیلم و مەعریفەت دوورن بە کوللی
خەیاڵی خاوە لایان فکری میللی

مامۆستای شاعیر حەزی دەکرد گەلی کورد لە جیاتی ئەوەی خۆی بە شتی هیچەوە خەریک بکات، خەریکی زانست و داهێنان و پێشکەوتن خوازی بێت، رەخنە لەو مەلایانە دەگرێت کە لە گۆشەیەکی حوجرەکانیان بە قالە و قولە (نحو – صرف) خەریکاون و هیچ خەمێکی پێشکەوتن و نەتەوەی خۆیان ناخۆن:

عیلمی تەبیعەت، عیلمی خودایە
قالە و قەولە گشتی هەبایە

عیلمی کیمیات گەر نەخوێندووە
بە خودا نازانی خوا چی کردووە
عیلمی صەنایع لای ئێمە نیە
گەر چشتێک هەبێ ئەویش قەولیە

دیارە مەلای گەورە زۆرباش زانستی (نحو و صرف)ی زانیوە، بەڵام پێی گوناه بووە مەلاکان هەموو ژیانی خۆیانی بۆ تەرخان بکەن، ئەم دوو زانستە کلیلی فێربوونی زمانی عەرەبین، ئەی زانستە سروشتی و گەردوونیەکان، ئەگەر ئەم دوو زانستە مرۆ والێبکەن باشتر لە قورئان حاڵی بێت، خۆ زانستەکانی کیمیا و فیزیا و زیندەزانی بە جوانترین شێوە تەفسیری دەکەن، لەم دەرچەوە مەلا رەخنەیان لێدەگرێت و بەرپەچیان دەداتەوە. دواتر دێتە سەر زانستی پیشەسازی و کۆڵەواری بەستەزمانی میللەتەکەی لەم بارەوە دەردەخات، ئەوەی کە هەشە هەمووی قسەی زل و زەبەلاحە و بەس!دژایەتی مەلای گەورەی کۆیی بۆ خورافات بە شێوەیەکی ئاشکرا لە شیعرەکانی دەردەکەوێت، دژی ئەو سۆفی و شێخانەی بە ناوی دین خەڵکیان لارێ و بێ دین کرد:

بە ریشی پان و سەری پڕ لە ئەسپێ
بناغەی ئیشی کوردان چۆن دەچەسپێ
هەتا شێخێ لە کوردستان بمێنێ
ئومێدی زیندەگانیت پێ نەمێنێ
هەموو بێ ئیش و کار و تەوەزەل
ورگ پان و مل ئەستوور وسەرک زل

ئەم هێرەشەی مەلای گەورە، بۆ سەر شێخ و مەلایانی هەقیقی نەبووە، چونکە ئەو خۆی لە نێو ئەوان فرچکی گرتووە و نمای کردوە، بەڵکوو سەرکۆنەی ئەو بۆ کەسانەیە کە بە ناوی ئایین خۆیان کەنارگیر دەکەن و دەبنە بەربەست لە رێگەی بەرەوپێشچوونی دۆزی کوردی. شیعرەکانی مەلای گەورە رووبارێکی پڕ شەپۆلن، بە هەموو لایکدا دەپژێن، هەموو کەسێکی خاوەن ویژدان دەهەژێنن. بە شێوەیەکی سەرسەختانە داکۆکی لە ژنان دەکات و لەوبارەوە پیاوان بیداردەکاتەوە، کە نابێت ستەم لە ژن بکەن و بە تەڵاقدان سووکایەتیان پێ بکەن، بەڵگەی هەر رۆشەنیش بۆ یەکەمین جار لە شاری کۆیە دەستی (نەجیبەی) کچی دەگرێ و دەیباتە قوتابخانەیەکی کوڕان، کە ئەو دەم ئەمە بە کوفر و لە دین لادان حیساب دەکرا، ئەوەی ئەوی زۆر نیگەران دەکرد تەڵاقدانی ژنان بوو: بڵێن بە قەومی کورداندەستی من و دامێنتانعەییە بە هەقی یەزدانژن هێنان و تەڵاقدان لە پەسندی ژن بەوپەری ناسکی، گەورەترین بایەخ و رۆڵی پێدەدا، بە زیبای دنیا و سپاردەی خودایی و خۆشەویستی پێغەمبەر و شورای پیاوان هەژماریان دەکات:

ژن زینەتی دنیانە
ئەمانەتی خودانە
حەبیبی موستەفانە
قەڵاتن لە بۆ مێردان

مەلا گەورە لێرەدا پەردەی لە سەر نەریتێکی دزێو هەڵداوەتەوە، کوردەواری بە گشتی و لادێنشینەکان بە تایبەتی ژنیان زۆر ئەزیەتداوە، گەلێجار بە تۆمەتێکی زۆر بچووک خەڵتانی خوێنیان کردووە. ئاخر ماقوول نیە ژن وەک تۆ لە کێڵان و بەرهەمهێنانی رەز و باغ و باخچە بەشدار بێت کەچی ئێوەی مێردەکان بەوپەڕێ دڵرەقی و بێ وێژدانی بکەونە وێزەیان و چەند رۆژێک بیانخەنە جێگە. مەلا بیریان دەخاتەوە کە جوانترین چێژ و جوانی کە خودا بە پیاوی بەخشیبێت ژنە. ئەوان وەک قەڵاتن هەمیشە بەرگری لە مێردەکانیان دەکەن، گەر ئێوە ئازاریان بدەن بێگومان دەکەونە بەر خەشم و کینی پەروەردگار و نەفرەتی مێژوو. مەلای گەورە هەرچەند دەرفەتی دڵداری کردنی نەبووە بەڵام شیعرەکانی ئەویش وەک هەموو شاعیرە کلاسیکیەکان خاڵی نیە لەم باسە و لە یەکێک لە هۆنراوەکانی دەڵێ:

تەماشای لار و لەنجەی شۆخی کوردی
دەخیلم ئەم عیشوەیە کێ فێری کردی
چ داخ و ئاگرێکی دا بە جەرگم
بە کولمی سوور و خاڵی لازەوەردی

سەرچاوە : کوردستان 21 نێت

# کاریگەریی تەلەفزیۆن لەسەر منداڵان

رەزا شوان . نەرویج

لە ئەمرۆدا، لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانە بەرینەدا. تەلەفزیۆن بۆتە دەزگایەکی سەرەکیی هەموو ماڵان.. کە تێکرای ئەندامانی خێزانەکان ئالوودەی بوونە و، بە دەنگ و رەنگ و جووڵە ، سەرنجی گەورەکان و منداڵانی بۆ لای خۆی راکێشاوە. زۆربەی داناکان تەلەفزیۆن بە شاکارترین داهێنانی مرۆڤ لەم سەردەمەدا دەزانن و، بە هۆیەکی زۆر گرنگی فێرکردن و وەرگرتنی زانست و زانیاری هەمەرەنگە و فراوانکردنی ئاسۆی رۆشنبیری گشتی و، دانەبڕان لە شارستانی و لە پێشکەوتن دادەنێن.. ئەوە زۆر ئەستەمە کە تەلەفزیۆن لە ماڵاندا نەبێ یا دووربخرێتەوە.. لە ماڵانی پارەدار و هەبوودا، سێ تا پێنج دەزگای تەلەفزیۆن هەیە.. لە هۆڵی میوان ، لە ژوورەکانی نووستندا، لە چێشتخانەدا ، لە ژووری کتێبخانە و خوێندنەوەدا.



ئەگەرچی کۆمەڵێک دەزگا و داهێنانی تر هاتوونەتە کایەوە و، ململانێ لەگەڵ تەلەفزیۆندا دەکەن.. لەوانە ئینتەرنێت و، یارییە ئەلیکترۆنییەکانن.. بە تایبەتیش ئینتەرنێت، کە خەریکە پێشی تەلەفزیۆن بکەوێت.. ئینتەرنێت دنیایەکی بەرین و ئاسۆ فراوانی بێ بنی زانست و زانیاری هەموو بوارەکانی ژیانی لە خۆگرتووە. جیهانی مەزنی کردووە بە گوندێک و بەئاسانی دەتوانین تێیدا پەی بکەین و، ئارەزووشمان لەچی بێ لێی وەربگرین و، چیشمان بوێ پێی ببەخشین.. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، هێشتا تەلەفزیۆن بایەخ و کاریگەری خۆی لەدەست نەداوە. رۆژانە کاتێکی زۆرمان بە سەیرکردنی بەرنامەکان و هەواڵەکان و بابەتە هەمەجۆرەکانی تری تەلەفزیۆن بەسەر دەبەین.

ئایا تەلەفزیۆن تا چ رادەیەک کاریگەری لەسەر منداڵان هەیە ؟ لەسەر ژیان و رەفتار و هەڵسوکەوت و گەشەکردنی هۆش و گۆش و بیر و زەین و، تەندروستی و باری دەروونی و خوو و رەوشت و، ئاستی فێربوونی لە قوتابخانە و، پەیوەندی لەگەڵ خێزانەکەی و تێکەڵ بوونی بەکۆمەڵگاکەی دەبێ؟ ئەی چ رەنگدانەوەیەکی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی لە ژیانی ئەمرۆ و لە داهاتوی منداڵاندا دەبێت.. ؟

پێش ئەوەی بێینە سەر وەڵامی ئەو پرسیارانە. پێویستە دان بەم راستییەدا بنێین، کە نە ئەمرۆ دوێنێ یە و، نە منداڵانی ئەمڕۆش وەکو منداڵانی دوێنێن.. ناشکرێت لە هەموو لایەکەوە بەربەست لە بەردەم منداڵاندا دابنێین و، لە خۆشی و چێژی داهێنانە سەیر و سەمەرەکانی ئەمرۆ بێ بەشیان بکەین.. منداڵانیش خاوەنی هەست و نەستن دەیانەوێت بزانن چی هەیە و چی نییە ؟ بێ ئەوەی کە گوێ بە ئەوە بدەن ئەم شتە . بڤە . یە ، ئارەزووی تاقیکردنەوەی هەموو شتێکیان هەیە. مەبەستیشم ئەوە نییە بەجاری بەرەڵایان بکەین و، رێنمایی و چاودێریان نەکین و بیان دەینە دەستی قەزا و قەدەر و، چارەنووسێکی نادیار.

ئەمرۆ بەشێکی زۆری دایکان و باوکان داد و بێدادیانە لە تەلەفزیۆن. راماون و نازانن چی بکەن.. چونکە خەریکە کۆنترۆڵی منداڵەکانیان لەدەست بدەن .. گلەیی ئەوەیان هەیە، کە منداڵەکانیان رۆژانە بۆ ماوەیەکی زۆر لە بەردەم تەلەفزیۆن یا کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و دەزگاکانی یارییە ئەلیکترۆنییەکاندا دادەنیشن.. تەنانەت بۆ نان و ئاوخواردنەوە و نووستنیش بە زۆر هەڵیان دەستێنن.. خولیای یاری کردن و وەرزش و چوست و چالاکییان کزبووە و ، ئەرکەکانی قوتابخانەشان جێبەجێ ناکەن و لە خوێندنیشدا دواکەتوون و، پەیوەندی هاورێتی و پەیوەندی نێوان خێزانیشیان سارد و سڕبووە.. ترسی دایکان و باوکان لەجێی خۆیدایە .

لێکۆڵەرەوان و دەروونناسان و پزیشکانی منداڵان و پسپۆر و شارەزایانی بواری پەروەردەی منداڵان.. تا رادەیەکی زۆر هەموویان لە را و بیر و بۆچوونەکانیاندا دەربارەی سوودەکان و زیانەکانی سەیرکردنی تەلەفزیۆن و کاریگەری لەسەر منداڵاندا.. هاوڕان و لە یەکەوە نزیکن.. هەندێ لەم لێکۆڵەرەوانە بە مەیدانی و پراکتیکی، تۆژینەوە و لێکۆڵینەوەکانیان ئەنجام داون..بە زمانی ژمارە دەدوێن.

بەشێک لە زاناکان پێیان وایە کە تەلەفزیۆن کاریگەرییەکی زۆر قووڵی باش و خراپی لەسەر منداڵاندا هەیە ، هەر لە سەرەتای ژیانییەوە تا دەبێتە مرۆڤێکی هەستیار و هۆشیار.. ئەم کاریگەرییەش بەپێی قۆناغەکانی منداڵی، لە منداڵێکەوە بۆ منداڵێکی تر جیاوازە.

بەشێکی زۆری لێکۆڵینەوە مەیدانییەکان. جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە دانیشتنی رۆژانەی منداڵان لە بەردەم شاشەی تەلەفزیۆندا بۆ ماوەیەکی زۆر دووچاری سۆزکزی و هەست لاوازیان دەکات و، پەیوەندی خیزانییان سارد و سڕ دەکا و، گۆشەگیر دەبن و پەیوەندی هاورێتیشیان لاواز دەبێت.

لەم رووەوە پرۆفیسۆر ( گلین سپارکس) پسپۆر لە زانستی پەیوەندییەکان لە زانکۆی ( بروود) لە هەرێمی ئەندیانا لەئەمریکادا دەڵێت : " خووگرتنی خەڵکی بە سەیرکرنی تەلەفزیۆنەوە، زیان بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەگەیەنێ.. بوار بۆ هاورێ گرتنی تازە ناهێڵێتەوە.. کە لە ژوورێکدا دادەنیشن و هەموو سەیری تەلەفزیۆن دەکەن.. زۆر کەم دەدوێن و، تەنانەت سەیری رووخساری یەکتریش ناکەن.. لە جیاتی ئەو ماوە درێژەی کە بە دیاری تەلەفزیۆنەوە شەوارە دەگرن.. لە ماڵ دەربچن و بەپێ پیاسە بکەن یا وەرزش بکەن.. یا پێکەوە دابنیشن و پلانی داهاتوویان دابنێن.. گەلێ لە فیلم و ئەڵقە دراماییەکان ژەهراوین و، فاکتەرن بۆ لاوازکردنی پەیوەندیی خێزانی و کۆمەڵایەتییەکان.. گۆشەگیری دروست دەکەن و، سۆز و هەست و گوێدێری و رێزی منداڵان بۆ دایک و باوکیان لاواز دەکەن... "

بێجگە لەو زیانانەی کە پرۆفیسۆر سپارکس باسی لێ کردوون.. زۆر دانیشتنی منداڵان لە بەردەم تەلەفزیۆندا.. لەگەلێ رووی ترەوە زیان بە منداڵان دەگەیەنێت.

لە رووی تەندوستی یەوە ( تووشی کورت بینین دەبێت، قەڵە و تەمەڵ و کەم جووڵە دەبێت، هەست بە ئازاری پشت و ملی دەکات، تووشی سەرئێشە دەبێت...) لە رووی دەروونی یەوە تووشی ( گۆشەگیری دەبێت، تورە و جیکڵدانە تەنگ دەبێت، پەیوەندی خێزانی و هاورێتی و کۆمەڵایەتی کاڵ دەبێتەوە، توندرەو و توندوتیژ و خۆپەرست دەبێت ، لە خۆبایی و سەرکێش دەبێت، کەلەرەق و

لاسار و چەقاوەسوو و شەڕاگێز دەبێت، ئازاری هاوڕێکانی دەدات...) لە رووی رەوشتیشەوە دیمەنی فیلمەکان ( زووتر چێژ و حەزی جینسیان دەخرۆشێنن، دوور نییە کە تووشی خۆشەویستییەکی کاڵی زوو وەخت ببن و، پەیوەندی نەشیاو و رەفتاری سەقەتیان لێ بووەشێتەوە ...).

بەڵام لە راستیدا سوودەکانی سەیرکردنی تەلەفزیۆن لەلایەن منداڵانەوە زیاترن لە زیانەکانی، بە مەرجێ ماوەی سنووری دیاری کراو نەبەزێنن و، لە ژێر چاودێری و رێنماییدا سەیری بەرنامە و بابەت و فیلمە پەروەردەیی و بنیاتنەرەکان بکەن. پزیشکانی منداڵانیش، بە تاقیکردنەوە ئەو راستییەیان بۆ دەرکەوتووە.. کە لە کاتی پشکنینی منداڵاندا، بۆ نموونە وەکو خوێن وەرگرتن لێیان ، ئەگەر لەم ساتەدا منداڵان سەیری تەلەفزیۆن بکەن، کەمتر هەست بە ئێش و ئازار دەکەن.

تیپێکی لێکۆڵەرەوان بە سەرۆکایەتی (ئالمی گوردان) لە مەڵبەندی( ئینێرک) لە هەرێمی ( ڤیلادیلڤیا ) لە ئەمریکادا.. تاقیکردنەوەیەکیان لەسەر (١٨٠ ) منداڵ ئەنجامدا، کە تەمەنیان لە نێوان ( ٦ ـ ١٣ ) ساڵان بوون.. زۆربەیان رۆژانە بۆ ماوەی ( سێ کاژمێر ) سەیری تەلەفزیۆن دەکەن.. کاتژمێرێکی زیاترە لەکاتی رێپێدراو.. پەیمانگای پزیشکی ئەمریکی بۆ منداڵان. تەنها دوو کاتژمێری دیاری کردووە بۆ منداڵان کە سەیرکردنی تەلەفزیۆن بکەن.

بۆ کەم کردنەوەی ماوەی سەیرکردنی تەلەفزیۆن لە لایەن منداڵانەوە.. هیوادارم دایکان و باوکان سوود لەم رێنماییانە وەربگرن :

( ※ ) سنووردارکردنی ماوەیەی سەیرکردنی تەلەفزیۆن بۆ منداڵان.

( ※ ) کە ئارەزووی سەیرکردنی تەلەفزیۆن نەبێت ، پێویست ناکات هەڵبکرێت.

( ※ ) نابێت دەزگای تەلەفزیۆن لە ژووری منداڵاندا دابنرێن.

( ※ ) کورتکردنەوە و سنووردیاری کردنی سەیرکردنی تەلەفزیۆن، لە ماوەی رۆژانی خوێندندا.

( ※ ) نابێت تەلەفزیۆن لە چێشخانەدا دابنرێت.. بۆ ئەوەی نانخواردن و سەیرکردنی تەلەفزیۆن نەبێت بە خوویەکی دەق گرتوو.

( ※ ) پێویستە چەند دەزگا و کەرەستە و ئامێرێکی تر بۆ منداڵان لە ماڵاندا دابین بکرێن ، تا منداڵان پێیانەوە بخافڵێن و.. لە تەلەفزیۆن دوور بکەونەوە.

( ※ ) فێرکردنی منداڵان بۆ ئەوەی لە دوورەوە سەیری تەلەفزیۆن بکەن.. تا زیان بە چاوەکانیان نەگەیەنێت.

( ※ ) نابێت رێ بە منداڵان بدرێت بە ئارەزووی خۆیان تەلەفزیۆن بکەنەوە و.. بە ئارەزووی خۆشیان سەیری ئەو بەرنامە و درامایانە بکەن کە بۆ ئەوان ناشێن.

( ※ ) دایک یا باوک لەگەڵ منداڵەکانیاندا دابنیشن و، پێکەوە سەیری تەلەفزیۆن بکەن و، مەبەستەکانی بەرنامە و فیلمەکانیان بە جوانی بۆ شیبکەنەوە و، وەڵامی پرسیارەکانیان بدەنەوە.

( ※ ) لە یەک دەزگای تەلەفزیۆن زیاتر لە ماڵدا دانەنرێت.

( ※ ) پێویستە ماوەی بەرنامەکانی منداڵان لە تەلەفزیۆنە کوردییەکانماندا ، لەژێر چاودێری کەسانێکی پسپۆر و شارەزایانی پەروەردەی منداڵاندا بن.. ئەو بابەت و بەرنامانە و فیلمانەی پێشانیان دەدرێن .. پەروەردەیی و سوودبەخش بن.

( ※ ) پێویستە هانی منداڵان بدەین بۆ خوێندنەوەی کتێب و گۆڤاری منداڵان.. تا لە ماوەی سەیرکردنی تەلەفزیۆنیان کەمتر بکەینەوە.

( ※ ) پێویستە هانی منداڵان بدەین کە خوو بدەنە وێنەکێشان ، یا فێربوونی ئامێرێکی موزیک، تا لە ماوەی سەیرکردنی تەلەفزیۆنیان کەمتر بکەینەوە.

( ※ ) هانیان بدەین بۆ یاری و وەرزش کردن و چۆست و چالاکی.. تا بۆ ماوەیەک لە تەلەفزیۆن دوور بکەونەوە.

( ※ ) پێویستە، جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی قوتابخانەیان ، بکەین بە مەرجێک بۆ ماوەی سەیرکردنی تەلەفزیۆن.

( ※ ) کە منداڵان پێبەندبوون بە رێنماییەکان و، ماوەی دیاری کراوی سەیرکرنی تەلەفزیۆن و، سەرپێچی نەکەن.. پێویستە خەڵات بکرێن و دیاریان پێشکەش بکەین، ئەمەش دەبێتە هاندەر بۆ زیاتر رێزگرتن لە رێنماییەکان.

شایانی باسیشە کە، تەلەفزیۆن و ڤیدیۆ و کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و دەزگاکانی یارییە ئەلیکترۆنییەکان و موبایل و ... هتد، لەوە زیاتر نین کە ، هەریەکەیان دەزگایەکی تەکنەلۆژیای دروستکراون و، دەستەمۆی ئادەمیزادن.. کۆنترۆڵەکانیان لە دەستی خودی مرۆڤ خویدایە، کەواتە سوودەکانیان یا زیانەکانیان لە چۆنییەتی بەکارهێنانیانیان دایە.
چاوەڕێی بەشی دووەمی ئەم بابەتە بن : ( کاریگەری ئینتەرنێت لەسەر منداڵان)

نەرویج : ٦ ی ئاوریلی ٢٠١٢

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد

سەرچاوە
Serchawe

# دەسەڵاتدارترین ژنانی جیهان

ئا: کوردستان

لە تازەترین پلەبەندیدا پێگەی ئینتێرنێتی گۆڤاری «فۆربێس» کە لە ئەمریکا دەردەچێت ناوی ١٠٠ ژنی ناسراوی جیهانی بڵاو کردۆتەوەو ئەو ١٠٠ ژنەی وەک دەسەڵاتدارترین ژنانی جیهان ناساندوە. لەو پلەبەندییەدا ژنانی سیاسەتمەدار پلەی یەکەم تا سێیەمیان بە دەست هێناوەو هەروەها ژمارەیەکی دیکەشیان یان سیاسەتمەدارن یان ژنی سیاسەتمەدارن و لە پلەکانی دیکەدان. بە پێی ئەو پلە بەندییە «ئەنگیلا مێرکێل» راوێژکاری ئەڵمانیا و «هیلاری کلینتۆن»، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا پلەی یەکەم و دوو هەمیان بەدەست هێناوە و «دیلما رۆسۆف» سەرکۆماری بەرازیل وەک ژنێکی خاوەن دەسەڵات پلەی سێیەمی هێناوەتەوە. هەروەها هاوسەری گەورە سەرمایەداری جیهانی «بیل گەیتس» لە پلەی چوارەمدایە. ناوبرا لە ساڵی ٢٠١١دا لە پلەی شەشەمی ئەم پلە بەندییەدا بوو. هەروەها «ژیل ئابرامسۆن» سەرنووسەری رۆژنامەی نیویۆرک تایمز کە ساڵی پار لە پلەی ١٢هەمدا بوو ئەمساڵ هاتۆتە پلەی پێنجەم. هەر بە پێی ئەم پلەبەندییە «سۆنیا گاندی» سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی هیند لە پلەی شەشەمدایە و «میشێل ئۆباما»ی هاوسەری سەرکۆماری ئەمریکاش لە پلە هەفتەمدایە.

**لیستی ٢۴ کەسی یەکەمی ژنانی دەسەڵاتداری جیهان لە ساڵی ٢٠١٢ دا بەم شێوەی خوارەوەیە:**







١- ئەنگێلا مێرکێل، راوێژکاری ئەڵمانیا
٢- هیلاری کلینتۆن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا
٣- دیلما رۆسۆف، سەرکۆماری برازیل
۴- ملینا گەیتس، هاوسەری بیل گەیتس و ئەندامی پایە بەرزی دامەزراوەی «بیل و ملینا»
۵- ژیل ئابرانسۆن، سەرنووسەری رۆژنامەی بەناوبانگی «نیویۆرک تایمز».
۶- سۆنیا گاندی، سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی هیند
٧- میشێل ئۆباما، هاوسەری سەرکۆماری ئەمریکا
٨- کریستیان لاگارد، سەرۆکی سەندوقی نێودەوڵەتی دراو
٩- ژانت ناپۆلیتانۆ، وەزیری ئاسایشی نێوخۆی ئەمریکا
١٠- شێرلی ساندبێرگ، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری تۆڕی کۆمەڵایەتی «فەیسبوک»
١١- ئۆوپرا وینفێری، بێژەری تەلەفزیۆن
١٢- ئیندرا نویی، بەڕێوەبەری گشتی پیپسی
١٣- ئیرنە روزنفەرد، بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای خۆراکی کرافت فوود.
١۴- لیدی گاگا، گۆرانیبێژی بەناوبانگی ئەمریکا
١۵- ڤێرجینیا رومتی، بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئای بی ئێم(IBM).
١۶- کریستینا فێرناندز، سەرکۆماری ئەرژانتین
١٧- ئۆرسۆلا بورنس، بەڕێوەبەری کۆمپانیای «زرۆکس»
١٨- مێگ ڤیتمەن، بەرپرسی بەڕێوەبەری «هیلۆت پاکارد»
١٩- ئان سان سووچی، ڕێبەری ئۆپۆزسیۆنی ماینمار
٢٠- سیلڤیا فۆستێر، بەرپرسی بەڕێوەبەری کۆمپانیای نەوتی «پێترۆلئۆ برازیل»
٢١- ماریسا مایر، بەرپرسی بەڕێوەبەری یاهوو
٢٢- ئانە سوئنیی،بەرپرسی گرووپی میدیایی ئای لای سی (ABC)
٢٣- دایانا ساوێر، بەرپرسی گرووپی نێودەوڵەتی کاناڵی (ABC)
٢۴- ئەنجلینا بێرلی بەرپرسی بەڕێوەبەری کۆمپانیای«WellPoint»

لە ژمارە ۵٩٠ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

کوردستان و کورد

سەرچاوە
Serchawe




Rezber — ٢٧١٢ کوردی — ڕەزبەر

| شەممە | یەک شەممە | دوو شەممە | سێ شەممە | چوار شەممە | پێنج شەممە | هەینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ 22 | ٢ 23 | ٣ 24 | ٤ 25 | ٥ 26 | ٦ 27 | ٧ 28 |
| ٨ 29 | ٩ 30 | ١٠ OCTO 1 | ١١ 2 | ١٢ 3 | ١٣ 4 | ١٤ 5 |
| ١٥ 6 | ١٦ 7 | ١٧ 8 | ١٨ 9 | ١٩ 10 | ٢٠ 11 | ٢١ 12 |
| ٢٢ 13 | ٢٣ 14 | ٢٤ 15 | ٢٥ 16 | ٢٦ 17 | ٢٧ 18 | ٢٨ 19 |
| ٢٩ 20 | ٣٠ 21 | | | | | |

ورمێ

ڕەحمان نەقشی

گۆڤاری ئینتێرنێتی یەکبوون گۆڤارێکی سەربەخۆیی مانگانەیە، لە ئامادە و بڵاو کردنەوە : ڕەحمان نەقشی
r_ neqsi@yahoo.ca

سەرچاوە
Serchawe